www.fermude.com

# چـــــۆن

# قورئانـــــــى پیرۆز لەبـــەر ئەكــــــــەیت ؟

نوسینی

د .یحیى بن عبدالرزاق الغوثاني

وەرگێرانی بە دەستكاریەوە

یحیى ستار شێخانی

پێداچونەوەی

مامۆستا جمعە علي خورشید

( پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی ئاشتی لە كەركوك )

بسم الله الرحمن الرحيم

لە بڵاوكراوەكانی

كتێبخانەی سیما

٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩

**چـــۆن**

**قورئانـــــى پیرۆز لەبـــەر ئەكـــــەیت ؟**

چاپی یەكەم: (١٤٣٢ك – ٢٠١١ن)

ژمارەی سپاردن: (          )

مافی چاپكردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

**بنكەی بڵاوكردنەوە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| كتێبخانەی سوننە سلێمانی | كتێبخانەی ئیمان سلێمانی | كتێبخانەی سیما چەمچەماڵ | كتێبخانەی زانست كەلار |

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## پێشەكی وەرگێڕ

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات اعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ [آل عمران: ١٠٢] ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾[النساء: ١] ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾[الأحزاب: ٧٠ – ٧١] .

أما بعد :

فإن أصدق الحديث كلام الله ، وخير الهدي هدي محمد ﷺ،وشر الأمور محدثاتها،وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار.

موسڵمانی بەڕێز لای هەموان ڕوون و ئاشكرایە كە قورئانی پیرۆز بناغەی ئیسلامە و هەموو كەسێك پێوسیتی پێیەتی كەجێگیر بێت لەناوسینگیدا، بۆئەوەی زیاترئیمانی پتەو بێت و ئەجرو پاداشت زیاتر وەربگرێت لای خوای گە ورە چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت: ( مَنْ قَرَأَ حَرْفاً مِنْ كِتَابِ اللهِ فَلَهُ حَسَنَةٌ، وَالحَسَنَةُ بِعَشْرِ



أَمْثَالِهَا، لاَ أَقول: ألم حَرفٌ، وَلَكِنْ: أَلِفٌ حَرْفٌ، وَلاَمٌ حَرْفٌ، وَمِيمٌ حَرْفٌ)(١)،

واتە: هەركە سێك پیتێك لەقورئانی پیرۆز بخوێنێتەوە خێرێكی بۆ ئەنووسرێت، وەخێریش (یەك) بە (دەیە) من نالێم (الم) پیتێكە، بەڵكو (الف) پیتێكەو (لام) پیتێكەو (میم) پیتێكە، چونكە موسڵمانێكی زۆر هەیە ئەیەوێت قورئانی لەبەركات بەلأم شێوازی لەبەركردن نازانێت چۆنە،بۆیە بەپێویستم زانی ئەم كتێبە وەرگێڕم بۆ زمانی كوردی بەڵكو موسوڵمانان لێی سوودمەند بن، داوا لە خودای گەورە دەكەم ئەم كارەم لێ قبووڵ بكات وە دوور بێت لە ڕیاو سومعە.

آمين والحمدلله رب العالمين

**يحيى ستار محمد**

**٢٦/ رمضان /١٤٣١ك**

**٥/ ٩ / ٢٠١٠ز يەك شەممە**

---

(١) صحيح: رواه الترمذي(٢٩١٢) وقال حديث حسنٌ صحيح.

## تێبینی:

برای موسڵمان .........خوشكی موسڵمان

پـێش ئـەوەی دسـت كـەیت بـە خوێندنـەوەی ئـەم نامیلكەیـە داوا و ئامۆژگـاریم ئەوەیەكە هەركەسێك نامیلكەیەك یان كتێبێك ئەخوێنێتەوە بابەتەواوی بیخوێنێتـەوە بەڵكو سودمەندبێت لێی،چونكە زۆربەی موسوڵمانان هیمەتیان نییـە لەخوێندنـەوەی كتێبێـك بـەڵكو چـەند لاپەڕەیـەك، بـەڵام توانـای هەیـە گۆڤارێـك یـان ڕۆژنامەیـەك بخوێنێتەوە كە لە چـەند لاپەڕەیـەك پێكهاتووە،یـان توانـای هەیـە چـەند سـەعاتێك تەماشـای تەلـەفزیۆن و سـەتەلایت بكات،چـونكە هـەر نامیلكـەو كتێبێـك بەتـەواوی نەیخوێنێتەوە لێی سوودمەند نابیت وە لێی تێ ناگەیت، بۆیە تكام وایە هەركەسەێك ئەیـەوێت قورئـان لەبـەركات بـا بەتـەواوی ئـەم كتێبـە بخوێنێتـەوە،بـەڵكو قورئـان لەبەركردنەكەی لائاسان بێت.

وەرگێڕ



## پێشەكی نووسەر

**الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله ومن سار على من والاه أجمعين وبعد.**

ئەوكەسەی كە سـەیری ژیاننامـەی پیاوچاكان بكـات لـە مێـژووی ئیـسلامدا لـەكاتی خوێندنـەوەدا هەنـدێك نـاوی تـشیكدار دێتـە بەرچـاوی،كە سـەرنج ڕاكـێش و سـەر سوڕهێنەرە، وە ئـەبینی هەنـدێك جـار لـەناو كۆمەڵگـەدا باسـی ئـەكات و دووبـارەی ئەكاتەوە بەڵام ئایە لێكۆڵەر ئەوەستێت لەكاتی ئەم سەرسوڕمانەدا !؟

ئایا پرسیار نەكرێت:چۆن گەیشتنە ئەم لوتكەیە....؟

وەچۆن بوونە زانا....؟وەچی هەنگاوێكیان گرتەبەر...؟

لەم پرسیارە ورد بوومەوە و گەڕامەوە بۆ هەنگاوەكانی پێشوو بـۆ ڕێگـەی داهێنـانی ئـەو پیـاوە بەرزانـە، بینـیم دەسـت پێكردنـی زۆربـەیان بـە لەبـەركردنی قورئـانی پیرۆزەوە بوو،ئەمەش هانمان ئەدات كە زیاتر قایل بـین كـە یەكـەم هـەنگاوی ڕاسـت (بنیادنانی كەسایەتی زانیاری باوەڕی تەواوە) ( بناء الشخـــصية العلميـــة الايمانيـــة الصحيحة) دەست پێكردنە بە قورئانی پیرۆز و لەبەر كردن و تێگەیـشتن و هۆشـیار بوون لێی،كە بینیم زۆربەی گەنجان ڕێگەی لەبەركردنی قورئان نادۆزنەوە.

بۆیە خوای گەورە ئاسانی كرد كە چاپی یەكـەم بـووە بەرنامـەو پـەرتوكێكی لەبـەر كردنی قورئانی پیرۆز بـۆ موسـڵمانان لەهـەموو جیهانـدا بڵاوكرایـەوە زیـاتر لـە (٣٠) وڵات.

هـەروەها بەرنامـەی (لەبـەر كردنـی قورئـانی پـیرۆز) هەسـتا ئـەم كتێبـەی كـرد بـە پرۆگرام و بەرنامەیەكی بنەڕەتی لەو قوتابخانە و پەیمانگایانەی كە بۆ لەبـەر كردنـی قورئان تەرخان كراون،هەروەها بووە پرۆگرامێك لە قوتابخانەكانی قورئانی پیرۆز لە وڵاتی (فلیپین).

هەروەها چەند وتارێکم دا لەم ولآتانە: (نەمسا، کرواتیا، بۆسنە، هرسك، سلۆڤینیا، ئەمەریکا، کەنەدا، ئەفریقیا، تورکیا) چونکە ئەم وتارانە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ زانیاری دەربارەی کۆکردنەوەی ئەم کتێبە، وە داواکاریەکی زۆری هەبوو کە دووبارە ئەم کتێبە چاپ کەمەوە، وە ئەمە چاپی دووەمە کە لە بەردەست دایە،دوای چاوەڕوان کردنی چوار ساڵ وە هەندێك شتم بۆ زیاد کرد و دەستکاریم کرد.

من زۆر سوپاسی خوای گەورە ئەکەم، یەکەم شت کە فەزڵ و ستایشی هەیە بەسەرمانەوە کە ئەم کردەوەیەم لێ قبوڵ کا، دووەم سوپاسی ئەو زاناو مامۆستا بەڕێزانە ئەکەم کە جارێکی تر بەسەر کتێبەکەدا چوونەوە. داوا لەخوای گەورە ئەکەم کە بیخاتە تەرازووی کردەوە چاکەکانمانەوە وە داوای لێ ئەکەم کە لە تاوانەکانم خۆش بێت. إنه سميع قريب مجيب

د. يحيى بن عبدالرزاق الغوثاني

جدة- ١٣/شعبان/١٤١٨هـ



**پێشەکی مامۆستا جمعه علی خورشید**

**الحمد لله وكفى وصلاة و سلاماً على النبي المجتبى وعلى آله وصحبه ومن بهديه أقتدى.**

لە پاشان:

فەزڵ و گەورەیی قورئان لە سەر کەلام و قسەکانی تر، وەك فەزڵ و گەورەیی خوای پەروەردگارە لە سەر دروست کراوەکانی.

چونکە قورئان ڕێبازی پەروەردگارە بۆ بەندەکانی تا ڕۆژی دوایی، بۆیە خوای گەورە بە ئەرکی داناوە خوێندنەوەی بە شێوازێکی تایبەت بێت.

هەروەها لە بەرکردنی قورئان و خوێندنەوەی پاداشتی زۆری هەیە لە دونیا و دوا ڕۆژدا، ئەگەر بێت خوێندنەوەی یەك پیت (دە) چاکەی لە سەر بێت، بێگومان ئەو کەسەی قورئان لەبەر ئەکات چەندەها جار ئایەتەکان دووبارە ئەکاتەوە ئەوکاتەش ئەبێتە خاوەنی حەسەناتێکی زۆر.

دیسان لەبەرکردنی هەر ئایەتێك لە ڕۆژی دواییدا لە بەهەشت پلەیەکی بۆ بەرز ئەکرێتەو، چەند ئایەتی زیاتر لەبەر بێت پلەی بەرز ترە.

لێرەوە زانایان هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوەﷺ بایەخی تایبەتیان داوە بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، وە نووسراوی زۆر هەیە بۆ ڕێنمایی کردن بۆ چۆنێتی لەبەرکردنی قورئان، یەکێك لەو زانا بەڕێزانە (الشيخ يحيى الغوثـاني) خوای گەورە پاداشتی بە خێر بداتەوە کتێبێکی نووسیوە وەك هاوبەشییەك و هاوکارییەك و ڕێنماییەك لەم بوارەدا، پوختەی زانیارییەکانی خۆی خستووەتە ڕوو و ئەرکێکی زۆری کێشاوە و ئەزمونی زۆرێك لە مامۆستایان و زۆر ولآت و ناوچەی تێدا باس کردووە.

مامۆستای بەڕێز (مامۆستا یحیی شێخانی) هەستاوە بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بە سوودە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی بەم کارەی هاوبەشی کردووە لە دەوڵەمەند

کردنی پەرتوکخانەی کوردی و یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر قورئانی پیرۆز لەبەر بکەن،لە هەر بوارێك و کارێکدا بن قوتابی، کرێکار، پیشەوەر.....هتد.

لە خوای گەورە داواکارم پاداشتی نووسەر و وەرگێڕ و خوێنەر بداتەوە، ببێتە هۆکارێك بۆ بەرز کردنەوەی هیمەت و تواناکان بۆ زیاتر لەبەرکردنی کەلامی پەروەردگار.

هەروەها لێی ئەپاڕێمەوە لە گوناە و کەم و کوڕێکانمان خۆش بێت، کردارەکانمان بە گوێرەی قورئان و سوننەت و ڕێبازی پێشین بێت، قورئان ببێت بە شاهید بۆمان لە ڕۆژی دواییدا نەك ببێت بە شاهید بەسەرمانەوە.

سبحان اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك،وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

جمعة علي خورشيد

٢٦/ ڕەبیعی دووەم /١٤٣٢

٣١ / ٢٠١١/٣ پێنج شەممە

# بەشی یەکەم

**پێکهاتووە لە چوار باس :**

**باسی یەکەم: پاراستنی قورئان لە لایەن خوای گەورەوە لە هەموو ڕویەکەوە.**

**باسی دووەم: پاداشت و فەزڵی لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز.**

**باسی سێیەم: پێویستی دووبارەکردنەوەی قورئانی پیرۆز.**

**باسی چوارەم: مەرجی بەدەست هێنانی زانست.**

## باسی یەكەم

## پاراستنی قورئانی پیرۆز لەلایەن خوای گەورەوە لەهەموو ڕویەكەوە:

پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمانێك بیروباوەڕێكی تەواوی هەبێت كە خوای گەورە ئەم قورئانەی پاراستوە لە هەموو لایەك وهەموو ڕوانگەیەكەوە وەكو خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾ (الحجر:٩) واتە: بەڕاستی ئێمە خۆمان ئەم قورئانەمان ناردۆتە خوارێ وهەر خۆشمان ئاگادارو پارێزگاری لێ ئەكەین لەدوژمنان ئەیپارێزین و ناهێڵین زیادوكەمی تێدابكەن بۆیە چەندین سەدە هات وچوو، لەگەڵ ئەو هەموو دژو نەیارانەدا كەسێك نەیتوانیوە پیتێكی بگۆڕێ ، یان لێی لاببات.

## باسی دووەم

## پاداشتی لەبەركردنی قورئانی پیرۆز:

خوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدۡ يَسَّرۡنَا ٱلۡقُرۡءَانَ لِلذِّكۡرِ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ ﴾ (القمر: ١٧) واتە:بەڕاستی ئێمە قورئانمان ئاسان كردووە بۆ ئامۆژگاری.ئیمامی (القرطبي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەفەرموێت ئێمە ئاسانمان كرد بۆلەبەركردن ئایا كەس هەیە لەبەری بكات.ئیمامی (عثمان)(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەیگێڕێتەوە لەپێغەمبەری خواوەﷺ ئەفەرموێت:( خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[1] واتە:باشترین كەستان ئەوەیە كە قورئان فێربێت وخەڵكیش فێربكات. هەروەها عبدوڵلای كوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەفەرموێت: پێغەمبەری ﷺئەفەرموێت: (مَنْ قَرَأَ حَرْفاً مِنْ كِتَابِ اللهِ فَلَهُ حَسَنَةٌ، وَالحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، لاَ

(١) صحيح: رواه البخاري(٥٠٢٧).



أَقُول: أَلم حَرفٌ، وَلَكِنْ: أَلِفٌ حَرْفٌ، وَلاَمٌ حَرْفٌ، وَمِيمٌ حَرْفٌ)[1].

واتە:هەركەسێك پیتێك بخوێنێت لە قورئانەكەی خوا ئەوا چاكەیەكی بۆئەنووسرێت، وەچاكەش دەقاتە،من ناڵێم (الم) پیتێكە، بەڵام (الف) پیتێكە و(لام) پیتێكە و(میم) پیتێكە. پیاوچاكانی پێشوو ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت لە هاوەڵان وشوێن كەوتوان و ئەوانەی دوای ئەوانیش هیچ شتێكیان نەخستۆتە پێش قورئانی پیرۆزەوە.

وە ڕازی نەدەبوون كە یەكێك بەدوای زانستدا بگەڕێت، ئەبێت پێش هەموو شتێك قورئانی پیرۆز لەبەر بكات.

(وەلیدی كوڕی مسلم) ئەیفەرموو:ئەگەر لەگەڵ (ئیمامی ئەوزاعی) دابنیشتینایە شتێكی ببینیایە ئەیفەرموو: ئەی منداڵ قورئانت خوێندە؟ئەگەر بیوتبایە بەڵێ (ئیمامی ئەوزاعی) ئەیفەرموو بخوێنە ﴿ يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ ١١ ﴾ النساء: ١١، وە ئەگەر بیوتبایە نەخێر ئەیفەرموو:بڕۆ قورئان فێر بە پێش ئەوەی بە دوای زانست دا بگەڕێیت.

(١) صحيح: رواه الترمذي(٢٩١٢).

# باسی سێیەم

## پێویستی دووبارەکردنەوەی قورئانی پیرۆز و یادکردنەوەی و ئاگاداربوون لە وازهێنانی و لەیاد چوونەوەی:

ویستی خوای گەورە وایە کە ئادەمیزاد شتی لە یادبچێت هەندێك جاریش ئەو کەسە بە هۆی کەم تەرخەمی خۆیەتی کەدووبارەی ناکاتەوە و هەندێك جار بە هۆی کارکردن وسەرقاڵی دونیاوەیە،خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿ كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا ﴿٩٩﴾ مَّنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُۥ يَحْمِلُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وِزْرًا ﴿١٠٠﴾ ﴾(طه:٩٩-١٠٠).

هەروەها ئەفەرموێت﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾(طه:١٢٤).

ئەم ئایەتانە باس لە خوێندنەوەی قورئان دەکات (ابن کثیر) ئەفەرموێت: ( وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى ) پشت کردن وپشت گوێ خستنی قورئانی پیرۆز تەمبەڵیە کی زۆر گەورەیە خوای گەورە بمان پارێزێت. وە لەیادچوونەوەی قورئانی پیرۆز گەورەترین بەڵایە.

باشترین کات بۆئەوەی کە قورئانت لە یاد نەچێتەوە ئەویش کاتی شەوە، واتە شەونوێژ کردن لەبەرئەوەی دەروونی ئادەمیزاد ڕوون وئارامە، وە دڵیشی خاڵی یە لەئیش وکار.وەکو خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِۦ نَافِلَةً لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ﴿٧٩﴾ ﴾{الاسراء٧٩} واتە: لەبەشێکی شەویشدا خۆت ماندووبکە بە شەونوێژ و قورئانی زۆری تیدا بخوێنە، ئەمەش بەهرەیەکی تایبەتە و دراوە بە تۆ و زیادە لە فەرزەکانیش، لە پێغەمبەرﷺدەپرسن: پاش



نوێژە فەرزەکان چ نوێژێ باشترە فەرمووی : شەونوێژ ، بەئومێد بە پەروەردگارت بتنێرێتە شوێن وجێگایەکی پەسەندو بەرێزەوە .

وەچەند فەرموودەیەکیش دەربارەی ئەوە هاتووە کەموسڵمان بەردەوام بێت لەسەر قورئان خوێندن و وریابێت لەیادی نەچێتەوە:

١. ابن عمر(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوەﷺ ئەفەرموێت: (إِنَّمَا مَثَلُ صَاحِبِ الْقُرْآنِ كَمَثَلِ الْإِبِلِ الْمُعَقَّلَةِ إِنْ عَاهَدَ عَلَيْهَا أَمْسَكَهَا وَإِنْ أَطْلَقَهَا ذَهَبَتْ)[(١)].

واتە: ئەو کەسەی کە هاوڕێی قورئانە وەکو ئەوە وایە کە حوشترێك ببەستێتەوە ئەگەر بەردەوام لەگەڵیدا بیت ئەویش لەگەڵت ئەبێت، وە ئەگەر بەری دەیت ئەویش ئەڕوات و نامێنێت.

ئەمەش بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کە ئەو کەسەی بەردەوام قورئان دووبارەکاتەوە لەیادی ناچێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە گەر دووبارەی نەکاتەوە لەیادی ئەچێتەوە.

هەروەها هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ (ڕەزای خوایان لێ بێت) بایەخێکی زۆریان ئەدا بە خوێندنەوەی قورئان لە شەو و ڕۆژیاندا،وە ڕۆژانە بۆ خۆیان چەند بەشێکیان (اجزاء) دانابوو بۆ خوێندنەوە، نە ئەنوستن هەتا ئەو بەشەیان تەواو ئەکرد،هەرچەندە خەریکی تێکۆشان (الجهاد) وفێرکردنی ئەوانەی کەدێنە ناو ئاینی ئیسلامەوە بوون، لەهەمان کاتدا بێ ئاگا نەدەبوون لە پێداچوونەوە و دووبارە کردنەوەی قورئان، وە قورئانی پیرۆزیان کردبووە بەرنامە وپرۆگرامی خۆیان.

وە ڕوو ئەکەمە ئەوبرایانەی کە قورئانیان لە بەرکرد لەناو مزگەوتەکاندا و پاشان وازیان لێی هێناو لە بیریان چووەوە......هەروەها ئەوخوشکانەی کە لەو

---

(١) صحیح: رواه مسلم (٧٨٩).

قوتابخانانه ئەيان خوێند کە دابين کرابوو بۆ لەبەرکردنى قورئانى پـيرۆز و لەبـەريان کرد، يان لەمنداڵيەوە لەبەريان کردووە، لەئەنجامدا ڕۆژگار و ئيش وکارى دونيـا واى لێيان کرد کەپێيدا نەچنەوەو وازى لىَ بێنن و لەبيريان کرد.

وە ئەوبرايانەى کە چەند سورەتێکى قورئانيان لەبەرکرد،واى لێهات بـووە تۆمارگـاى لەبير چوونەوە.

---

**تێبينى:**

گومانێك (شوبهەيەك) هەيە کە بينيم بلاًوبۆتەوە لە نێوان هەندێك لەو قوتابيانەى کـە بە دواى زانستدا دەگەڕێن،ئەويش ئەوەيە قورئان لەبەر ناکەن لەترسى ئەوەى کە لە يادیان ئەچێتەوە.

وە ئـەڵێم: پێويسته بـراى موسـوڵمان هـەوڵ و تێکۆشـانێکى چـاك بـدەى و قورئـان لەبەرکـەيت و بـير لـەوە نەکەيتـەوە کـە لـە يـادت ئەچـێتەوە،وە ئـەوەى لەسـەرتە بيکە،ئەگەر شتێك زاڵ بوو بەسەرتا يان شتێك ڕووى دا لەدەرەوەى تواناى تۆدا بـوو پاشان هەندێکت لەياد چووەوە کە لەبەرت کردبوو ئەمـەش لەوانەيـە بچێتە ژێر ئـەم ئايەتـە پـيرۆزەوە: ﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَا ﴿٢٨٦﴾ ﴾ {البقـــرة: ٢٨٦}.

واتـە: ئـەى پـەروەردگارى ئێمـە ! ئەگـەر فـەرمانێکى تۆمـان لـە بيرچـوو، يـان تێيـدا بەهەڵە چووين، لێمان مەگرە.

وە تۆش دەست بکـە بـە لەبـەر کردنـى قورئـان و پـشت ببەسـتە بـەخواى گـەورە و گومانەکان(شوبهەکان) بخەرە لاوە.



# باسى چوارەم

## مەرجەکانى بەدەست هێنانى زانست لەلايەن پێشين ( سلف )و پياوچاکانەوە (ڕەزاى خواى گەورەيان لىَ بێت ) :

لەم باسەدا دوو دێڕى شيعرتان بۆدێنمەوە کە ئيمامى شافعى (ڕەحمـەتى خـواى لىَ بێت) ئەفەرموێت:

اخي لن تنال العلـــم إلا بســـتة      سأنبيك عن تفصيلهـــا ببيانِ
ذكاء، وحرصٌ، واجتهادٌ، وبلغةٌ      وصحبةُ استاذ،وطولُ زمـــانَ

واتـە: بانگـەوازت لىَ دەکـەمو پێـت دەڵـێم ئـەى بـراى موسـڵمان ئـەى ئـەو کەسـەى ئەتەوىَ ببيتە فێر خوازى زانستى شەرعى (طالب العلم) يان قورئـان لەبەرکـەر(حافظ القرآن) پێوستت بەشەش خاڵە:

### ١- ذكاءٌ: زيرەکى

زيـرەکيش دوو جـۆرە: جۆێکيـان بەهرەيەکـە لـە خـواى گـەورەوە، ئـەو جـۆرەى تريشيان دەستکەوتە، وە هەر دووجۆرەکەيان لەخواوەيە، بەڵام ئادەميزاد ئەتوانێت هـەوڵ بـدات بـۆ جـۆرى دووەم تـاوەکوو زيـاتر زيـرەك بێـت، وە ئـەتوانين منـداڵێك پەروەردە بکەين بەهۆى زانيارى پێشکەوتووەوە کە گونجاو بێت لەگـەڵ تەمـەن و هزريدا، تاکو پياوێکى ژيرو زيرەکى لىَ دەربچێت بۆخزمـەتى نەتەوەکـەى وکاروبـارى خۆى.

لە وڵاتى (يابان) پرۆگرامى فێرکردنم خوێندەوە بينيم کـە منـداڵ ئەچـێتە قوتابخانـە لە يەکەمى سەرەتايى تەمەنى تەنها (سێ) ساڵە، لـەم قۆناغـە دا پـسپۆڕى گـەورە و تايبەت لە مامۆستايان وانەيان پىَ ئـەڵێن، بناغەيـەکى چاکيان بـۆ دائەنێن، پاشـان ئەبينى کە قوتابى تەواو ئەبێت لە قۆناغى ناوەندى تەمـەنى (چـوارده) سـاڵە، بـەڵام ئەو زانست و ڕۆشنبيريەى کە هـەڵيگرتووە لـە هـى قوتابييـەکانى ئێمـە باشـترە کـە

هەڵگرى بڕوانامەى زانكۆن، ئەقڵ و هۆشـەكان يـەك ئـەقڵ و هۆشـن، بـەڵام شـێوەى بەرنامەيە كە يارمەتى گەشە سەندنى زيرەكى قوتابى ئەدات. وە ئەم كارو بارو گيرو گرفتە چەندەها باس و خواسى لێ نووسرا[1].

## ٢- حرصٌ: ( پاراستن ) پێداگرى

ئەگەر هاتوو موسوڵمانێك ئەمانەتێكى پارەى پێداى وتى:بيگەيينە فلان كـەس ئـەبێ چۆن بيت بەرامبەر ئەو ئەمانەتە؟ ئايا بەجوانى نايپارێزێت؟ بێگومـان ئـەيپارێزێت! ئايـا هـەوڵى ئـەوە نادەيـت كـە چـۆن بيـشاريتەوە بـۆ ئـەوەى كـە دز تـەماحى لێ نەكات....؟ بەڵێ ئەوەيە پاراستن.

هەروەها پێويستە لەسەرت بە دواى زانستى شەرعى دا بگەڕێيت و هەوڵ و كۆششى تەواى بۆ بدەيت. وە پابەند بيت بـەدواى مامۆستا و شـێخەكەت كـە ئـەو سـوودە بەنرخانەت پێ ئەگـەينن،وە ڕاسـتييەكانت بـۆ ئاشـكرا ئەكـەن و ئـەو ڕێگايانـەت بـۆ ئاسان ئەكەن كە قورس و زەحمەتە.

## ٣- اجتهاد: تێكۆشان

بەگشتى ئەوەيە هەوڵدان و تێكۆشين و گەيشتن بـەو گـيرو گرفتـە، وە مەبەسـت لـە تێكۆشان لەمەدا واتە: هيمەتى بەرز و بڵندە،وە زۆر دووبارە كردنەوە و يادكردنـەوە لە ڕۆژانەدا.

(١) بۆ نمونە ئەو كەسەى ئەيەوێت بگەڕێتەوە سەرى تەماشاى گۆڤـارى (المجتمـع) بكـات ژمـارە (١١٣٣) كە لە كوێت درچووە لە ساڵى(١٤١٥)كۆچى و كتێبى ( الذكاء، لآلان سارتون ).



## ٤- بُلغة: ئەوەيە كە ئەتگەيێنێت بە مەبەست

پێشين و پياوچاكان (ڕەزاى خوايان لێ بێت) ڕازى نەدەبوون لەو قوتابييەى كـە بـە دواى زانست دەگـەڕێت خـۆى بـەرز كاتـە سـەر خـەڵكى، يـان پـارە پـەيدا كـات بـە قورئان،بەڵام ئەوان مەرجيان ئەوە بـوو بـۆ بەدەسـت هێنـانى زانسـت خـۆى ئامـادە بكات بـۆ ئـەو ئامانجـە، ئـەويش ئەوەيـە زەخيرەيـەك كۆكاتـەوە بـۆ بـە هێـز بـوونى بەدەست هێنانى زانـست، وە لـە سـەر ئـەو قوتابييـەى كـە قورئـان لەبـەر ئـەكات و ئەيخوێنێتەوە پێويستە بەدواى خواردنى حەڵاڵ و پاك بگەڕێت.

## ٥- صحبة أستاذ: هاوڕێتى مامۆستا

هاوڕێيـەتى واتـە: بـەردەوام بـوون و ئامـادەبوون لەبـەر دەسـتى مامۆسـتادا كـە دەستت دەگرێت بۆ ڕێگاى ڕاست، وە بەدەست هێنانى زانستى شـەرعى و قورئـانى پيرۆز بە بێ مامۆستاى شارەزا و وردكار بێ سـوودە، بۆيـە پێوسـتە بـە بـەردەوامى هاوڕێيەتى بكەيت و چۆك دانێيت لە بەردەم زاناياندا تاوەكو زياتر تێ بگـەيت {ئـەو كەسەى كتێبەكەى مامۆستاى بێت هەڵەى زياترە لە ڕاستى}.

## ٦- طول زمان: درێژى ڕۆژگار

زۆر جار هەندێك برا دێن هيمەتيان فراوانە، ويـستيان لـە زانـستە، ئـەبينى گـوێى لـە وتارێك ئەبێت حەز لە زانست ئـەكات، يـان كتێبێـك ئەخوێنێتـەوە كـە باسـى چاكەو فەزڵى زانست ئەكات، بەپەلە بەهيمەتێكى بەهێزەوە ئامادە دەبێت لەو شوێنەى كـە باسى زانست ئەكرێت بەڵام ئـەبينى كـاتێكى كـەم بـەردەوام ئـەبێت، پاشـان توشـى خاوبونەوە و تـەمبەڵى ئەبێت و وازى لێ ئەهێنێت ئەو زانستە كەمەى كە فێـرى بـووە بزرى دەكات هەروەها دوا ڕۆژى زانستى خۆى بزر دەكات.

وە پێى ئەچێت بارودۆخى لـەوە خـراپ تربێـت، كاتێـك شـەيتان بـۆى جـوان ئـەكات كەئەو زانستەى فێرى بوە بەسێتى، يـا ن وا هەسـت كـات چـەند بوارێـك فێربـووە و

لەبەری كردووە بۆتە مامۆستاو زانا كە بۆی هەیە فەتوا بدات وە فەتواش ئەدات، وە بۆچونی خۆت بخەیتە سەر بۆچونی گەورە زانایان وئەڵێی دەرگای فـەتوا كراوەیـە بۆهەموو كەسێك.وە هەر دووجۆرەكە زۆر زەرەرمەندە، بەدسـت هێنـانی زانـست نـە بەدانشتنی وانەیـەك یـان دوو وانـە، وەنەبـە مانگێـك ودوومـانگ كۆتـایی دێـت بـەڵام پێویستی بەڕۆژگارێكی درێژو هاوڕێیەتی زانایانە.

# بەشی دووەم

## چەند بناغەو بنچینەیەك بۆ لەبەركردنی قورئانی پیرۆز

**بنچینەی یەكەم**: نییەت یان نیاز.

**بنچینەی دووەم**: لەبەر كردن لە منداڵییەوە وەكو نەخشە وایە لەسـەر بەرد.

**بنچینەی سێیەم**: دیاری كردنی كاتی لەبەركردن.

**بنچینەی چوارەم**: دیاری كردنی شوێنی لەبەركردن.

**بنچینەی پێنجەم**: خوێندنەوەی قورئان بە تەجوید ودەنگەوە.

**بنچینەی شەشەم**: لەبەركردن لەسەر یەك چاپی قورئان.

**بنچینەی حەوتەم**: ڕاست كردنەوەی خوێندنەوە پێش لەبەركردن.

**بنـچینەی هەشـتەم**: بەیـەك گەیانـدن ئەبێتـە هـۆی بەسـتنەوە بـۆ لەبەركردن.

**بنچینەی نۆیەم**: دووبارەكردنـەوە لەبـەركردنی تـازە ئـە پارێزێت لـە وازهێنان و ڕاكردن.

**بنـچینەی دەیـەم**: لەبـەركردنی ڕۆژانـە بـەڕێك و پێكـی باشـترە لـە لەبەركردنی پچراوی.

**بنچینەی یازدەیەم**: لەبەركردنی لەسـەر خـۆ باشـترە لـە لەبـەركردنی خێرایی.

**بنچینەی دوانزدەیەم**: ورد بوونەوە لەو ئایەتانـەی كـە لەیـەك ئەچـن دورت ئەخاتەوە لە ئاڵۆزبوون لە كاتی لەبەركردندا.

**بنچینەی سیانزدەیەم:** خۆ بەستنەوە بە مامۆستاوە بە بەردەوامی.

**بنچینەی چواردەیەم:** تەماشاکردن و وردبوونەوە لە ئایەتەکان لە کاتی لەبەرکردندا تا وەکو بەتەواوی جێگیر بێت لە لا پەڕەکانی مێشکدا.

**بنچینەی پانزدەیەم:** کارکردن بە لە بەرکردن و خوێندنەوە پێکەوە و بەردەوام بوون لە خوا پەرستی و وازهێنان لە تاوان.

**بنچینەی شانزدەیەم:** دووبارە کردنەوە بە ڕێك و پێکی لەبەرکردن بەهێز دەکات.

**بنچینەی حەڤدەیەم:** تێگەیشتن لە قورئان ڕێگەیەکە بۆ لەبەرکردن بەتەواوی.

**بنچینەی هەژدەیەم:** هاندانێکی بەهێز و ویست و ئارەزوو بوون بۆ لەبەر کردنی قورئان.

**بنچینەی نۆزدەیەم:** داواکردن و پاڕانەوە لەخوای گەورە کارێکی گرنگە بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.



## بنچینەی یەکەم

## نییەت

نییەت و ڕاستگۆیی بەرامبەر خوای گەورە و لەبەرکردن لەپێناوی خوای گەورەدا نهێنی گونجانە بۆ ڕێگای زانستت،وەکو خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ ﴾ {الزمر:١١}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! بڵێ: بەڕاستی من فەرمانم پێدراوە کە خوایەکی تاك و تەنیا(الله)بپەرستم و بە پوختی ئایین و پەرستن بۆ ئەو بکەم.

بۆیە هەرکەسێك قورئان لەبەرکات بۆ ئەوەی پێی بڵێن(قورئان خوێن)یان شانازی پێوە بکات یان بۆ ڕیاو سومعە بیخوێنێتەوە، ئەوە پاداشت و خێری بۆ نییە، بەڵکو تاوانبارە.

پێغەمبەری خواﷺئەفەرموێت:( إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ: وَذَكَرَ مِنْهُمْ: وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا قَالَ تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ. قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ. وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ. فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ)[1].

واتە:یەکەم جۆر لە خەڵکی کە دادگا ئەکرێت و حیسابی لەگەڵ ئەکەن لەڕۆژی قیامەتدا سێ کەسن: یەکێك لەوانە: پیاوێکە فێری زانست بووە وە خەڵکیشی فێر کردووە، وە قورئانی خوێندووە پاشان ئەیهێنن بۆ لای پەروەردگار نیعمەت و پاداشتەکەی پێ ئەڵێن و ئەزانێت پاشان پێی ئەڵێن ئیشی چیت پێ کرد....؟ ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت: لەپێناوی تۆدا فێری زانست بووم و خەڵکیشم فێرکرد

---

(١) صحيح: رواه مسلم:(٤٧/٦).

لەبەر خاتری تۆ، وەقورئانیشم خوێندەوە لەبەر تۆ، خوای گەورەش لەوەلامـدا پێـی ئەڵێت: نەخێر درۆت کرد، بەڵکو بۆ ئەوەی پێت بوترێت: کابرایەکی قورئان خـوێنی، وە ئەوەش وترا، پاشان فـەرمانی پـێ ئەکـەن بـەدەم وچـاو ئەیکەنـە کـێش تـاوەکو فڕێی ئەدەنە ناو دۆزەخەوە. وە پێغەمبەری خواﷺ ئەفـەرموێت: (إِنَّمَـا الأَعْمَـالُ بِالنِّيَّاتِ)[١]. واتە:هەموو کردەوەیەك بەگوێرەی نییەتە.

وە ئـەوەی قورئـان لەبـەر ئـەکات بـا وریـای خـۆی بێـت لـەڕیاو سـومعە لـەکاتی لەبەرکردنیدا، چونکە ڕیا نەخۆشیەکی زۆر ترسناك و زیان بەخشە، چونکە هەرچی توانای هەیە لەغەیری خوای گەورەدا بە فیڕۆی ئەدات.

وە پێویستە لەسـەر بەخێوکـەر زۆر بەشـان و بـاڵی قورئـان لەبەرەکانـدا هەڵنـەدات، تاوەکو لە خۆبایی نەبن، بەڵام ستایش کردن و پیاهەڵدانیان بـۆ ئـازا بوونـەوەیان و هاندانیان بێت ولە سنوری خۆی بێت.

(١) صحیح: رواه البخاري(٩/١).



## بنچینەی دووەم

### لەبەرکردن لە منداڵیەوە وەکو نەخش وایە لەسەر بەرد

بیرو هۆشی منداڵ ڕوون و بێگەرد تـرە لـە بـیرو هۆشـی گـەورە بـە هـۆی کـەمبوونی کێشەو ئیش و کارەوە.

وەکو لە فەرموودە هاتووە کە پێغەمبەرﷺئەفـەرموێت: ( حِفْـظُ الغُـلامِ الـصَّغِير كالنَّقْشِ في الحَجَرِ، وحِفْظُ الرَّجُلِ بَعْدَما يَكْبُر كالكِتابِ على الماءِ )[١] .

واتـە: لەبـەرکردنی قورئـان لـە منداڵییـەوە وەکـو نـەخش وایـە لەسـەر بـەرد وە لەبەرکردن لە گەورەیی وەکو نووسینە لە سەر ئاو.

پێغەمبەری خواﷺ ئەفـەرموێت:( مَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ قَبْلَ أَنْ يَحْتَلِمَ فَقَدْ أُوتِـيَ الْحُكْـمَ صَبِيًّا)[٢].

واتە: هەر کەسێك قورئان لەبەرکات بێش باڵغ بونی ئەوە خوای گەورە لە منداڵیـەوە زانست و ژیری پێ بەخشیوە .

وە هەرکەسێك کە لە منداڵییەوە قورئان لەبەرکات ئەو قورئانە تێکەڵ ئـەبێت لەگـەڵ خـوێن و گۆشـتیدا، لەبـەر ئـەوەی قورئـانی وەرگـرت لەیەکـەم کـاتی تەمەنیـدا کـە ئەوکاتـە عـەقل وبـیرو هۆشـی لـەزیادبوون وگەورەبووندایـە، قورئـانیش لەدڵیـدا جێگیردەبێت لەکاتی زیادبوونی لاشەو عـەقڵی پێکـەوە، بۆیـە دواتـر قورئـان تێکـەڵ بووە لەخوێن ولاشەیدا.

(١) ضعيف: رواه الديلمي في مسند الفردوس(٢٧٣٥)، سلسلة الـضعيفة (٢٥٩١)، هەرچـەندە ئـەم فەرموودەیە قسەی لەسەرە لە لایەن زانایانی فەرمودەوە(علماء المحدثين)بـەڵام بۆیـە باسـم کرد و هێنامەوە لەبەر ڕاهاتنی قورئان لە بەرکردن لەمنداڵییەوە.

(٢) رواه البیهقی فی الشعب: (٥٠٧/٤).

ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە(تاریخ الكبير) ئەیگێڕێتەوە لەپێغەمبەری خواوەﷺ: (من تعلم القرأن وهو فتيٌ السن خلطه الله بلحمه ودمه)[1] .

واتە: هەركەسێك فێری قورئان بێت ئەوكاتەی كەمنداڵە خوای گەورە لەگەڵ گۆشت وخوێنیدا تێكەڵی ئەكات.

وەباشترین تەمەن بۆ لەبەركردن بەزۆری لەپێنج ساڵییەوە دەست پێ ئەكات، وە منداڵی وا هەیە قورئانیان لەبەركرد لەتەمەنی چوارساڵیدا و سەركەوتوو بوون، بەڵام لەتەمەنی چوارساڵیٚ بچووك تر بەئاسانی ناتوانێت پیتەكان لەیەك جیاكاتەوە، من وام پێ باشە كەدایك وباوك منداڵەكانیان فێركەن لە تەمەنی سێ ساڵی بەشەرتێك سورەتی بچوك بێت وە ڕۆژانە بۆی دووبارە بكرێتەوە،وە داوای لێ بكرێت ئەوەی كە لەبەری كردووە لە پێش خەڵكی بیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی هان بدرێت بۆلەبەركردن، بەڵكو ترسی نەمێنێت.

وە ئەبینین زۆربەی ئەومنداڵە بچووكانە چیرۆك لەبەرئەكەن وەكو چۆن پڕیووە لە گۆڤارەكان بێگومان ئەو هەمووە بەشێكی زۆر لە بیروهۆشیان ئەبات و تۆوشی سەرقاڵیان ئەكات وەئەگەر ببینین منداڵێك قورئانی لەبەركردووە لەمنداڵیەوە ئەوا بیروهۆشیان لەشتێكی باش بردۆتە سەر، وە لەهەمان كاتدا خوێندنەوەی بەهێز دەبێت و زمانی پاراو دەبێت.

**تێبینی:** ئەگەر ئەمەت خوێندەوە و وتت من واتەمەنم تێپەڕیوە، ئاگاداربە بڵێیت ئەو هەلەم لە دەست چووە، ئەوكەسەی ویستی لەبەركردنی هەبێت،وە هیمەتی بەرزبێت ئەوە لەبەری ئەكات ئەگەر لەپێش چاوی خۆی مەبەستێك وئامانجێكی هەبێت بڵێت ئەبێ هەر لەبەری كەم،وە من برای وائەناسم هەموو قورئانییان لەبەركرد و پاش ئەوەی تەمەنیان لە(چل ساڵی ) تێپەڕیبوو[2].

(١) التاريخ الكبير(٣/٩٤).

(٢) لە نیازم دایە نامیلكەیەك بنوسم ئەوەی كە قورئانی لەبەركردووە لە دوای تەمەنی چل ساڵیو پێش تەمەنی دە ساڵی. (نوسەر).



## بنچینەی سێیەم

## دیاری كردنی كاتی گونجا یارمەتی دەرە بۆ لەبەركردن

بەڕاستی دیاری كردنی كات زۆر گرنگە بۆ لەبەركردن،نابێت موسوڵمان لەكاتی خەم و خەفەت و بێزاریدا قورئان لەبەركات،یان لە كاتی دەنگە دەنگی منداڵدا، بەڵكو پێویستە لەسەری كاتێك دیاری كات كە دونیا ئارامە و دەرونی ئادەمیزاد بێ خەم و ئاسوودەیە و بێزار نییە.

وە سەلمێندراوە بە تاقیكردنەوە كە باشترین كات بۆ لەبەركردن كاتی بەرەبەیانە و دوای نوێژی بەیانییە بەهۆی سافی بیرو هۆش و پشووی لاشەوە.

(الخطيب البغدادي) ئەفەرموێت: (بزانە چەند كاتێك هەیە بۆ لەبەركردن پێویستە ئەو كەسەی ئەیەوێت شتێك لەبەركات وریا بێت، وە باشترین كات بۆ لەبەركردن بەرەبەیانە....)[1] .

(ابن جماعة) ئەفەرموێت: (باشترین كات بۆ لەبەركردن بەرەبەیانە، وە بۆ لێكۆڵینەوە و باس بەیانیانە، وە بۆ نوسین كاتی نیوەڕوانە، وە بۆ خوێندنەوە و یادكردنەوە شەوانە)[2] .

(إسماعيل بن ابي أويس) ئەفەرموێت: ئەگەر ویستت شتێك لەبەر بكەیت هەندێك بنوو، پاشان لە كاتی بەرەبەیاندا هەستە و تەماشای بكە، ئیتر بە هیچ شێوەیەك لە یادت ناچێتەوە(إنشاءالله))[3].

(١) الفقيه والمتفقه للخطيب البغدادي(٢/١٠٣).

(٢) تذكرة السامع(٧٢).

(٣) الجامع في الحث على حفظ العلم(١٧٧).

پرسیار کرا لـە (حمادی کـــوری زیـــد) باشـترین شت چییە یارمـەتی دەربێت بۆ لەبـەرکردن؟ ئـەویش لەوەڵامـدا وتـی: کـەمی خـەم و خەفـەت[١]، وە کـەمی خـەم و خەفەت بەوە ئـەبێت: کاتێك کـە دڵ هیـچی تێدا نییـە لـە سـەرقاڵی و یادکردنـەوە، ئەویش لە ئارامی شەودایە.

ئەم ئامۆژگاریانە قسەی پێشینە (ڕەزای خوایان لێ بێت) بۆیە کاتی شەویان دەست نیـشان کـرد دڵـی ئـادەمیزاد بەتاڵـە لـە سـەرقاڵی و ئـیش و کـار، وە بەهەنـدێکیان گـوت:بەچـی زانـستان بەدەسـت هێنـا؟ ئـەوانیش لـە وەڵامـدا وتیـان:بـە ڕووناکی و دانیشتن هەتا بەیانی.

(١) الجامع في الحث على حفظ العلم(١٧٧).



# بنچینەی چوارەم

## دیاری کردنی شوێنی لەبەرکردن

بەڕاستی دیاری کردنی شوێنی لەبـەرکردن کاریگەریـەکی زۆری هەیـە بـۆ لەبـەرکردن باشتر وایە ئەو جێگایە پڕنەبێت لە وێنەو ڕازانەوە و نەخـشەو شـوێنی ئـیش کـردن، وە هەرچەندە ئەو جێگایە تەنگ و چوارلا گیراو بێت و بەمـەرجێك شـوێنێکی هـەبێت بۆ هەوا تازەکردنەوە و پاك بوونەوەی باشترە لەو شوێنەی کە فـراوان و دارسـتان و بـاخی تێدایـە لەبـەر ئـەوەی چـاو تێـر ئـەبێت لەتەماشـاکردن، لـەم بـوارەدا چـەند ئامۆژگاریـەك هـاتووە لـە لایـەن پێـشینەوە کـە ئـەوان زیـاتر شـارەزان لـە بـواری پەروەردەییدا:

(الخطیب البغدادي) ئەفەرموێت: (بزانە چەند جێگایەك هەیە بۆ لەبەرکردن پێویـستە ئەوکەسەی کە قورئان لەبەر ئەکات بیگرێتە بـەر،وە باشـترین جێگـا بـۆ لەبـەرکردن: ژوورە، وە باش نییە کەسێك قورئان لەبەرکات لەپێشی سەوزی و گیـای لێ بێـت، وە نابێت لە ڕۆخی دەریا بێت، یـان لەسـەر جـادە و شـەقامەکان، چـونکە دڵ مەشـغوڵ ئەبێت پێوەی)[١].

هەروەها(ابن الجوزي) ئەفەرموێت: نابێت کەسـێك کـە قورئـان لەبـەرکات لـە ڕۆخـی دەریا بێت وە نابێت لە پێش سەوزی بێت هەتا وەکو دڵ سەرقاڵ نەبێت[٢].

وە لەبەرکردن و وردبین جیاوازە لە کەڵ خوێندنەوەی ئاسایی، وە جێگـای فـراوان و وێنەی زۆر بیر و هۆشی موسڵمان تێکەڵ ئەکات، بەڵام ئـەو جێگایانـەی کـە باسـمان کرد بۆ خوێندنەوەی ئاسایی ئەگونجێت چونکە هیچ هـەوڵ و کۆشـشی ناوێـت وەکـو خوێندنەوەی کتێبی مێژوو یان چیرۆك.

(١) الفقيه والمتفقه (١٠٣/٢). تێبینی: خطیبی بەغدادی لە ساڵی (٤٦٣)کۆچی وەفاتی کردووە.

(٢) (الحث على حفظ العلم: ٢٥٥ )

وە باشترین جێگا مزگەوتە بۆ لەبەر كردن، چونكە مرۆڤ لە مزگەوتدا لـە سـێ شـت وریا ئەبێت:

١. چاو: چونكە هیچ شتێكی حەرام نابینێت.

٢. گوێ: گوێی لە هیچ شتێك نابێت .

٣. زمان: لە شتی باش زیاتر ناڵێت.

ئەگەر ئەم سێ پەنجەرەیە پاك و بێگەرد بێت ئەو كاتە لەبەركردن بەباشی ئەبێت.

هەروەها ئەوەش كە بەم بنچینەوەوە پەیوەندە:لەبەركردن بە ڕۆیشتنەوە لە نێوان دوو ڕاگر (عمود) یان دوو گۆشە (زاویـــة) لە گۆشەی مزگەوتدا، چونكە هاتن و ڕۆیشتن بە پێوە یارمەتی دەرە بۆ گورجی ئەندامەكان ئەگەر تووشی تەمبەڵی بێت،وە هاتووچۆ كردن وەكو شەحنی پاتری وایە. هەروەها هاتووچۆكردن زۆر باشە بۆ پێدا چوونەوە(المراجعة) هەروەها ئەوەی كە بەمەوە پەیوەندە لە چەند ڕوویەكەوە: یەكێك لە شێوەی قورئان لەبەر كردن كە جێگایەك دیاری كەیت، بۆ نموونە ژووری كتێبخانەكەت بۆ سورەتی (الإسراء) دابنێ، وە مزگەوت بۆ سورەتی (النحل) دابنێ، چونكە شێوەی ئەو جێگەیەی كە ئەو سورەتەت لەبەر كردووە لە مێشكدا ئەچەسپێت ودەر ناچێت،بەم شێوەیە ئەتوانیت لەبەری كەیت.وە ئەو ڕووداوەی كە قورئان دابەزی بەسەر پێغەمبەرﷺدا لە ئەشكەوتی (الحـــراء) ئەو ئایەتانەی كە گوێی لێ بوو چاپ (طبع) بوو لەسەر دڵی.

وە هەندێكی لە مەككەدا دابەزی و هەندێكی لە مەدینە، وە هەندێكی لەسەر شاخ،وە هەندێكی لە ماڵی عائیشە، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە. هەروەها كاریگەری كردە سەر عبدوڵلای كوڕی مەسعود(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەفەرموێت: (هەر سورەتێك لەقورئان دابەزیوە،بەدڵنیایەوە ئەزانم لەكوێ دابەزیوە...)[1].

(١) صحيح: رواه البخاري في فضائل القران :(٩/٤٧) برقم (٥٠٠٢).



**تێبینی:**

برای موسڵمان ئەبێ وریابیت لەپێش ئاوێنە قورئان لەبەر نەكەیت، چونكە شەیتان سەرقاڵت ئەكات لێی.

بەڵام ئامۆژگاریتان ئەكەم كە سودمەندبن لەئاوێنە بۆ زانینی (مخـــارج الحـــروف) شوێنی ئەو پیتانەی كەدەرئەچێت،بۆزانینی دەرچونی پیتە كان كەچۆن دەرئەچێت وچۆن زمان و لێوت چۆن ئەجوڵێنی.

## بنچینەی پێنجەم

## قورئان خوێندن بە تەجویدو دەنگەوە ئایەتەكان لەمێشكدا ئەچەسپێنێت

قورئانی پیرۆز چەند تایبەتمەندیەكی هەیە، لەو تایبەتمەندیانەی كە زمانی عەرەبی لێ جیا ئەبێتەوە و ئەناسرێت سێ شتە:

یەكەم: زیاد بوونی چەند مینگەیەك (الغنـــة) دەنگێكە لە لوتەوە دێتە دەر، لە (النون والميم المشددتين و إدغام و إخفاء) پێك هاتووە.

دووەم: زیادكردنی (مەد) لە جێگا ناسراوەكان.

سێیەم: نەغمەی (فطري) لەسەر زمانی خوێنەر دێتەدەر هەرچەندە ئاستی زانستی بەرز بێت.

بۆیە خوێندنەوە بە تجویدەوە لەبەركردنت بۆ ئاسان ئەكات، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالْقُرْآنِ )[1]. واتە: لەئێمە نییە ئەو كەسەی كە قورئان بە دەنگەوە نەخوێنێت.

(١) صحيح: رواه البخاري(١٣/٥٠١)، (باب التوحيد)(٧٥٢٧).

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرموێت: ( حَسِّنُوا الْقُرْآنَ بِأَصْوَاتِكُمْ فَإِنَّ الصَّوْتَ الْحَسَنَ يَزِيدُ الْقُرْآنَ حُسْنًا)[١].

واتە: قورئان جوان کەن بە دەنگەکانتان چونکە دنگی خۆش قورئان زیاتر جوان ئەکاتەوە.

وە پێویستە لەسەرت لەسەر چی شێوازێك ئەخوێنییت، وە زۆر لەخۆت نەکەیت لاسایی قورئان خوێنەکان بکەیتەوە (أبو هلال العسكري) ئەفەرموێت: (پێویستە لەسەر ئەوکەسەی کە وانە ئەخوێنێت دەنگی بەرزکاتەوە لەکاتی لەبەرکردندا چونکە کاتێك کە گوێ ئەبیبستێت یەکسەر دڵ وەری ئەگرێت)[٢].

وە کاتێك کە منداڵێك ئەبینی چەند ئایەتێك ئەخوێنێتەوە هەڵە ئەکات و ناتوانێت هەڵکەی چاکاتەوە هەتا وەکو بەو شێوەی کە لە بەری کردوە بیخوێنێتەوە.

---

(١) صحيح:رواه الدارمي (فضائل القرآن:٢٤) وصححه الشيخ الالباني(رحمه الله) في (صحيح الجامع) برقم (٣١٤٥).

(٢) الحث على طلب العلم والاجتهاد لأبي هلال العسكري:٣٧.



# بنچینەی شەشەم

## هەوڵ دەیت لەسەر یەك چاپ قورئان لەبەرکەیت

ئەگەر قورئانت لەبەرکرد، ئەوە لەسەر یەك چاپ لەبەری کە،تاوەکو جێگای ئەو ئایەتانەی کەلە مێشکدایە ئاڵۆز نەبێت، چونکە شێوەی ئەو ئایەتانەی کەلە مێشکدا جێگیر بووە بە شێوەی لاپەڕەکانە، بەڵام وریا بە زۆر کەس کە قورئانی لەبەرکرد لەو قورئانانەی کە شێوازەکەی بۆ لەبەرکردنە ئەگەر ئەو لاپەڕەیە کۆتایی پێ هات ئەوەستێ و ناتوانێت لاپەڕەکەی تر تەواو بکات چونکە مێشکی ئەو لەبەرکردنەی وەرگرتووە کە لەسەری ئەیکێشێ.

# بنچینەی حەوتەم

## ڕاست کردنەوەی خوێندنەوە پێش لەبەرکردن

پێش ئەوەی دەست بکەی بە لەبەرکردنی سورەتەکان پیۆیستە خوێندنەوەت ڕاست کەیتەوە، وە ڕاست کردنەوەش بریتییە لەڕاست کردنەوەی (مخارج وصفات) بەلاَم بەتەنها هەوڵ وکۆشش بێ سوودە،پێویستە مامۆستایەکی باش (الشيخ المتقن) یارمەتیت بدات، چونکە قورئانی پیرۆز وەرناگیرێت تاوەکو لای ئەو مامۆستایانەی کەبە وانە وەریان گرتووە لە مامۆستا وشێخی پێش خۆیان، هەتاوەکو ئەگاتە پێغەمبەری خواﷺ ئەگەر مامۆستات دەست نەکەوت، ئەوە ئەتوانیت لە تۆمارگا(تسجيلات) شریتی باش هەیە سوودمەندبیت لێی، چونکە ئەوە هەندێك کەم و کوڕی پڕ ئەکاتەوە، بەڵام ئاگادار بیت بەتەواوی پشتی پێ نەبەستی.

وە سەلمێندراوە بە تاقیکردنەوە ئەوکەسەی بەتەنها قورئان لەبەرئەکات بەبێ ڕاست کردنەوە تووشی زۆر هەڵە ئەبێت لە (فتحة وضمة).....هتد، بەڵکو هەندێك جار تووشی هەڵەی پیتی ئەبێت بەگشتی، پاشان لات قورس ئەبێت و وازی لێ ئەهێنیت.

هەروەها سەلمێندراوە بە تاقیکردنەوەوە ئەو مامۆستایەی کە خوێندنەوە ڕاست ئەکاتەوە بۆ قوتابیەکانی پێش لەبەرکردنیان زۆر سەرکەوتوو تر بووە، وە ئەو قوتابییەی کە هەندێك خوێندنەوەکەی ڕاست ئەکاتەوە وپاشان بۆ مامۆستاکەی ئەیخوێنێتەوە، زوو لەبەری ئەکات و نیوەی کاتەکەی بۆئەمێنێتەوە بەتایبەتی ئەگەر منداڵ بێت.

لەهەندێ قوتابخانەی (قورئان لەبەر کردن) بینیم لە تورکیا یەك ساڵ ئەمێنن تەنها خوێندنەوە ڕاست ئەکەنەوە بۆ قوتابیەکان لە (الف و باء)ەوە هەتاوەکو ڕاست کردنەوەی (مخارج) وخوێندنەوە بەسەیرکردنەوە، تاوەکو هەمووقورئان خەتم ئەکات لەیەکەم ساڵدا بەبێ ئەوەی هیچ لەبەرکات، پاشان دەست ئەکات بە لەبرکردن لە ساڵی دووەمدا، وە هەموو قورئان لەبەر ئەکەن لە ماوەی یەك ساڵدا، وە بینیم قورئان لەبەرکەری زۆر چاکیان تێدابوو.

**تێبینی:**

**هەندێك هەڵەی گەورەم بینی کاتێك کە بۆ پشکنیین دەرچووم بەسەر هەندێك قوتابخانەوە کە بۆ لەبەرکردنی قورئانە.ئەو وڵاتانەی کەبە زمانی عەرەبی قسەناکەن، لەبەر کاری ئاسانی قورئانیان چاپ کردووە بەپیتی لاتینی[١].**

**قوتابی کەئەیخوێنێتەوە بە(تحریف) بۆ نمونە وشەی ﴿عَمَّ﴾ نووسراوە {AAMMA} وە وشەی ﴿أَعۡطَيۡنَٰكَ﴾ نووسراوە {AATAINAKA}وە گۆڕینی (تحریف) کەلامی خوای گەورەیە ناشاردرێتەوە[٢].**

---

(١) لە وڵاتی فەڕەنسا بەشی کۆتایی لە قورئان بە وشەی فەڕەنسی دەرچوو، وە لە ئەندەنوسیا چاپێك دەرچوو بەئینگلیزی تەماشای کتێبی (تحريم كتابة القرآن الكريم بحروف غير عربية: أعجمية أو لاتينية:١٧) نوسینی صالح العود، وە چاپ بە بێ عربی حەرامە و دروست نیە.

(٢) مامۆستا (صالح علي العود) سەلماندویەتی لە باسێکدا بەناونیشانی ( تحريم كتابة القرآن الكريم بحروف غير عربية:أعجمية أو لاتينية).



واتە حەرام بوونی نوسینی قورئانی پیرۆز بەغەیری وشەی عەرەبی وەکو (ئەعجمی ولاتینی) زیاتر لەپەنجا بەڵگە ئەهێنێتەوە لەقورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەری خواﷺو ئیجماعو فەتوای زانایانو ئەو شوێنانەی کە زانستی لێدەردەچێت، لەبەر ئەوە نابێ بەغەیری عەرەبی (خوای گەورە پاداشتی بداتەوە بۆ ئەو باسەگرنگەی).

## بنچینەی هەشتەم

### کرداری بەیەك گەیاندن ئەبێتە هۆی بەستنەوە بۆ لەبەرکردن

لەو بنچینە گرنگانەی کە بۆ لەبەرکردنە کرداری بەیەك گەیاندن(عملية الربط): ئەویش بریتیە لە گەیاندنی دەنگ و تەماشاکردنە بە چاو لە نێوان کۆتایی ئایەتەکان و سەرەتای دەست پێکردنی ئایەتەکاندا، ئەویش ئەوەیە کە قورئانەکە ئەکەوێتە ئەو ئایەتانەی کە ئەتەوێ لەبەری کەیت پاشان ئایەتی یەکەم لەبەرئەکەیت و تەماشای ئایەتی کۆتایی ئەکەیت.

نمونەیەك دێنین لەسەر ئەم بابەتەی کە باسمان کرد خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت:﴿ سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمۡ عَن قِبۡلَتِهِمُ ٱلَّتِي كَانُواْ عَلَيۡهَاۚ قُل لِّلَّهِ ٱلۡمَشۡرِقُ وَٱلۡمَغۡرِبُۚ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ١٤٢ ﴾ (البقرة: ١٤٢)، ئەم ئایەتە بخوێنەرەوە بە مەرجێك خۆت گوێ بیستی بیت پاشان بەپەلە بەبێ وەستان بیگەیێنە بە سەرەتای ئایەتی دووەم﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗاۗ وَمَا جَعَلۡنَا ٱلۡقِبۡلَةَ ٱلَّتِي كُنتَ عَلَيۡهَآ إِلَّا لِنَعۡلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيۡهِۚ وَإِن كَانَتۡ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١٤٣ ﴾ (البقرة: ١٤٣ ) ئەم شێوازە پێنج جار دووبارە بکەرەوە.

وە پێویستە ئەم شێوازە بە شێوەیەکی باش ئەنجام بدەیت، وە زۆر پێویستت پێیەتی لە نێوان گشت دوو ئایەتێکدا، وە لە نێوان کۆتایی جزئەکان و سەرەتایدا، وە سوودێکی زۆر گەورەی لێ ئەبینیت، چونکە زمانت بەشێوەیەکی ئاسایی ئەجولێت بە گەیاندنی کۆتایی ئایەتەکان و بە سەرەتای ئایەتەکانەوە، وە کێشەی وەستانی زۆرت بۆ ئاسان ئەکات لە نێوان ئایەتەکاندا، وە ئەوە کێشەی زۆرینەی فێر خوازانە کە قورئان لەبەر ئەکەن، پاشان لەبەرکردنی گەیاندن لە نێوان ئایەتێك بۆ ئایەتێکی تر بەدەست دێنێ ئەگەر بەردەوام ببێت لە سەر ئەم شێوازە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە بە یارمەتی خوای گەورەوە.

## بنچینەی نۆیەم

### دووبارەکردنەوە لەبەرکردنی تازە ئە پارێزێت لە وازهێنان و ڕاکردن

خەڵکی جیاوازە بۆ شێوەی لەبرکردن، هەیە لەبەرکردنەکەی جێگیر ئەکات لەگەڵ دووبارەکردنەوەیەکی کەم، وە هەیە ناتوانێت لەبەری کات تاوەکو دوبارەکردنەوەیەکی زۆر ئەنجام نەدات.

وە دووبارەکردنەوە دوو جۆرە:

أ- دووبارە کردنەوە بە واتای ڕاهاتنی ئەو ئایەتەی کە لە بەرت کردووە لە دڵەوە بیخوێنێت بەنهێنی ئەوەش ئەوەیە کە پێش خەوتن ئەو ئایەتەی بە ڕۆژ لەبەرت کردووە بیهێنیتە یادی خۆت بەبێ ئەوەی دەمت بجوڵێنی.

(العز بن عبدالسلام) ئەفەرموێت: (هیچ شەوێك نەنوستووم تاوەکو دەروازەی (فقە)م پێش خەوتن هێناوەتە یادی خۆم)[1].

(١) طبقات الشافعية للسبكي(٢١٣/٨) وطبقات المفسرين للداوودي(٣١٣/١).



ب- دووبارەکردنەوە بەدەنگی بەرز و خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کە لەبەرت کردووە بە تەواوی .

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە ئەیەوێت لەبەرکردنێکی چاك ئەنجام دات بەدەنگێك بیخوێنێت کە خۆی گوێی لێ بێت پاشان چەند جارێك دووبارەی کاتەوە،هەروەها وازنەهێنێت بە جارێك و دوو جار هەرچەندە زیرەکیش بێت.

(ابن الجوزي) ئەفەرموێت: (حسن ی کوڕی ابی بکری النیسابوری) پێمانی فەرموو: ناتوانم شتێك لەبەرکەم تاوەکو (٥٠) جار دووبارەی نەکەمەوە.

(أبوإسحاق الشيرازي) وانەکەی (١٠٠)جار دووبار ئەکردەوە[1].

ڕاستە دووبارە کردنەوە هیلاکەت وماندوو بوونە، بەڵام لە ئاییندەدا ئەنجامێکی زۆر باشی هەیە. وە ئەو شتەی کە لەبەری ئەکەیت ئەگەر زۆر دووبارەی نەکەیتەوە ئەوە زوو لە یادت ئەچێتەوە.

وە گوێ بگرە لەم ڕووداوە کە ئیمامی(إبن الجوزي) ئەیگێڕێتەوە ئەفەرموێت: (حسن) بۆمان ئەگێڕێتەوە کە قوتابییەکی فەقێ لە ماڵەوە وانەکەی زۆر دووبارە ئەکردەوە، پیرەژنێك لەماڵی خۆیدا کە دراوسێی بوو وتی: واللە من لەبەرم کرد ئەمەندە گوێم لێ بوو...... ! فەقێکە پێی وت:دووبارەی کەرەوە، ئەویش دووبارەی کردەوە،پاش چەند ڕۆژێك وتی: ئەی پیرەژن، وانەکە دووبارەکەرەوە، ئەویش لە وەڵامدا وتی: لەبەرم نییە،فەقێکەش وتی: من دووبارەی ئەکەمەوە، پاشان دووبارەی کردەوە و وتی: بامنیش لەیادم نەچێت وەکو تۆ[2].

وە ئەبینین بەگشتی خەڵکی سورەتی (یس وسجدة )و کۆتایی سورەتی (البقرة)و جگە لەم سورەتانەش لە بەریانە بە هۆی ئەوەی کە زۆر دووبارە کراوەتەوە و گوێیان لێ بووە لە بۆنەکاندا(المناسبات).

(١) (الحث على حفظ العلم)( ٢٥٤).

(٢) (الحث على حفظ العلم)( ٢٥٤).

## بنچینەی دەیەم

## لەبەرکردنی ڕۆژانە بەڕێك و پێکی باشترە لە لەبەرکردنی پچڕاوی

دەروونی خۆت ڕابهێنە کە ڕۆژانە قورئان لەبەرکەیت: هەندێك دەست نیشان کەیت و لێی کەم نەکەیتەوە، ئەگەر بەردەوام بیت لەسەری چەند ڕۆژێك، وە گومان نەهێڵیٚ لەدڵتدا (وساوس الشیطان) هەروەها تەمبەڵی نەهێڵی، ئەوکاتە ڕادێی لەسەر لەبەرکردن،وە ئەو کاتە لەبەرکردن ئەبێتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەت، وەکو خواردن وخواردنەوە.

(زوهری) ئەفەرموێت: موسڵمان بەدوای زانست و لەبەرکردن ئەکەوێت و دڵی جۆگەلەیەکە لە جۆگەلەکان، پاشان ئەبێتە چەمێك هەرشتێکی تیٚ بکەیت و یەکسەر قوتی ئەدات [1].

واتە موسڵمان کە یەکەم جار دەست ئەکات بە دوای زانستدا مێشکی تەسکە، چونکە ڕانەهاتوە لەسەر لەبەرکردن، ئەگەر خۆی ڕابهێنێت و هەوڵ و کۆشش بدات ئەوە مێشکی کراوە ئەبێت، وە لەبەرکردن ئەبێتە خوو ڕەوشتی،وە دڵی زانست وەر ئەگرێت وەکو چەمێك وایە کە هەموو شتێك قووت ئەدات.

ئەی برای موسڵمان– پێویستە لەسەرت– کاتێك تەرخان کەیت بۆ لەبەرکردن ئەگەر کەمیش بێت، چونکە دڵۆپەی ئاو بە بەردەوامی لەسەر تاشە بەرد ئەبێتە هۆی چاڵ بوونی.

(أبوهلال العسکري) ئەفەرموێت: (ئەحمەدی کوڕی فورات) هیچ ڕۆژێکی بە فیڕۆ نەئەدا تاوەکو شتێکی تێیدا لەبەر نەکردایە .

وە هەندێك لە ڕێك و پێکی لەبەرکردن ئەوەیە: کە پشوو بدەی بە دەروونی خۆت ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ هیچی تێدا لەبەرنەکەیت، چونکە باشترە بۆ مێشك.

---

(١) الحث علی طلب العلم والاجتهاد لأبي هلال العسکري:٣٦.



(ابن الجوزي) ئەفەرموێت: پێویستە لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پشوو بدەی بە خۆت، چونکە وەکو خانووی لیٚ دێت کە جێگیرە لە شوێنی خۆی [1].

هەروەها لەڕێك و پێکی لەبەرکردن:لە کاتی بێزاربووندا هیچ شتێك لەبەر نەکەیت ئەگەر بێتاقەت بوویت وازی لیٚ بهێنەو پشوو بدە یان شتێك بخوێنەوە لە چیرۆك یان شیعر، چونکە حیکمەتی تێدایە و بەسوودە، وە پێی ئەچێت ئەو ناخۆشی و بێزاریە لە سەرت لاچیٚ [2].

## بنچینەی یانزدەیەم

## لەبەرکردنی خاوو لەسەرخۆ باشترە لە لەبەرکردنی خێرایی

ئیشی تۆڕی چاو زۆر گرنگە بۆ لەبەرکردن، تەماشاکردن وەکو تۆڕی وێنەگرتن وایە، وەکو چۆن هەڵگری ئامێری وێنەگر ئامێرەکەی زۆر لەسەرخۆ ئەجولێنیٚ لەنێوان بینەردا کە ئەیەوێت وێنە بگرێت، وەگرنگیەکی زۆری پیٚ ئەدات بۆ گرتنی ئەو وێنە نایابانەی کە پێویستی پێییەتی.

هەروەها ئەو کەسەی کە ویستی لێیە لاپەڕەیەك لە قورئانی پیرۆز لەبەرکات، پێویستە یەکەم جار ئایەتەکە لەسەرخۆ بخوێنێتەوە، وە بەوردی چاوی بخاتە سەر ئایەتەکان پاشان لەسەرخۆ بەزمانی دووبارەی کاتەوە تاوەکو لەبەری ئەکات، وەهەر کاتێك لەبەرکردنەکەی لەسەرخۆ بێت ئەوە لەئەنجامی داهاتوودا باشترە.

وە ئەوکەسەی بەخێرایی چاوی بەئایەتەکاندا ئەخشێنێت و ئەیەوێت ئەو ڕۆژە زوو کۆتایی بێنێت بەلەبەرکردنەکەی بەهەر شێوازێك بێت.

---

(١) الحث علی حفظ العلم وذکر کبار الحفاظ لابن الجوزي:(٥٥).

(٢) الفقیه و المتفقه(٢/١٠٠).

ئەبینی هەنگاو ئەنێت لە یەکەم لاپەڕەوە بۆ کۆتایی لاپەڕەکە بۆ ئەوەی وشەیەك لێرە لەبەرکات و دێڕێك لەویٚ لەبەرکات، ئەوە ئەو لەبەرکردنە جێگیر نییە، وە زۆری پیٚ ناچێت لەیادی ئەچێتەوە، وە پێویستە دووبارە لەبەری کاتەوە وەکو ئەوە وایە کە لەبەری نەکردبێت، وە زۆر ئەبینین لەو شوێنانەی کە قورئان لەبەرئەکەن قوتابییەك ڕائەسپێرن کە لاپەڕەیەك لەبەرکات، پاش چەند خولەکێك دێت و واهەست ئەکات کەلەبەری کردووە، وە ئەشیٚ بیخوێنێتەوە لەبەر، بە چەند هەڵەیەکی کەم، بەڵام پێویستە لەسەر مامۆستاکەی وریای کاتەکەی بێت کە ئەو لاپەڕەیەی تێیدا لەبەرکردووە، وە ڕازی نەبێت بەلەبەرکردنی بەپەلە کە چەند هەڵەیەکی تێدایە بۆ کار ئاسانی بۆ قووتابییەکە.

وە بۆم جێگیر بووە لە تاقیکردنەوەدا: ئەو ئایەتانەی کە ئادەمیزاد لەبەری ئەکات بە ووردبینێکی زۆر زۆر و بە هێمنی و لەسەر خۆ، وە زۆر دووبارەی ئەکاتەوە، پێش ئەوەی لەدەروونی خۆی بڕیاردا کە لەبەری کردووە، ئەوە زۆر بەهێزترە لە یەکێکی تر.

(الخطيب البغدادي) ئەفەرموێت: پێویستە لەسەر ئەوکەسەی قورئان لەبەر ئەکات زۆر لەبەر نەکات، بەڵکو کەم لەبەرکات بەپێی ئەوەی کەتوانای هەیە بۆ لەبەرکردن، وە تێگەیشتنی نزیك بێت، وە خوای گەورە ئەفەرمویت:﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا ﴾ (الفرقان: ٣٢)

واتە: خوا نەناس و بیٚ باوەڕان گوتیان: بۆچی قورئانی بەیەکجار بۆ نایەت، هەروەك (تەورات و ئینجیل) پێکڕا بۆ(موسا وعیسا)هاتن؟ دیارە ئەمەیشیان هەر درۆیە، چونکە(تەورات) لەماوەی (١٨) ساڵدا ئەوجا بەتەواوی هاتووە و لارییەکی دیکەشیانە لەقورئان، جا خوا بۆچوونەکەیان ڕەت ئەکاتەوە و ئەفەرمویٚ: ﴿ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۖ (٣٢) ﴾ (الفرقان: ٣٢) هەر بەوجۆرەیە بەینا و بەین و



کەماو کەم، وە لەماوەی (٢٣) ساڵدا ئەم قورئانەمان دابەزاند بۆت – تادڵی تۆی زیاتر پیٚ بەهێز و قایم بکەین﴿ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا (٣٢) ﴾ (الفرقان: ٣٢) و بەڕێك و پێکی و هێدی هێدی،بۆتمان خوێندەوە لەسەر زمانی(جبريل).

## بنچینەی دوانزدەیەم

## ورد بوون لەو ئایەتانەی کە لەیەك ئەچن دورت ئەخاتەوە لە ئاڵۆزبوون لە کاتی لەبەرکردندا

لەو ناڕەحەتیانەی کە تووشی هەندێك قوتابی ئەبێت لە ڕێگای لەبەرکردندا، لەیەك چوونی هەندێك ئایەت لە هەندێك ئایەتی تر،وەکو: خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ (٩١) ﴾(الأعراف: ٩١) وە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ (٦٧) ﴾ (هود: ٦٧)، ئەگەر برایەك گوێی لێی بێت یان پێیدا بچێتەوە، ئەوکاتەی ئەگاتە ئەم شوێنانەی کە لەیەك ئەچن تووشی سەرسوڕمان ئەبێت. وە ئەم لەیەك چوونانە هەندێك ڕوونکار دەسنیشانیان کردووە بە ژێری.

وە باشترین ڕێگە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم کێشەیەدا: ئەو مامۆستا پسپۆڕە شارەزایەی کە هەڵت بژاردووە بۆ خۆت دەست نیشانی ئەو شوێنانەت بۆ بکات کە لەیەك ئەچن لە کاتی لەبەرکردنتدا، وە ئەو کاتە کە ئەگەیتە ئەو ئایەتانەی لەیەك ئەچن لە چەند جێگایەك، بۆ نموونە ئەگەر لای مامۆستاکەت سورەتی (البقرة) بخوێنیت و گەیشتیە ئەو جێگایەی کە خوای گەورە ئەفەرموێت:﴿ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۗ (٦١) ﴾ (٦١) ئەو کاتە مامۆستاکەت پێت ئەڵێت: ئەم ئایەتە لەسیٚ شوێن هاتووە: شوێنی یەکەم لە سورەتی (البقرة)، شوێنی دووەم و سێیەم لە

سورەتی (آل عمران) ﴿ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ حَقٍّ ﴿٢١﴾ ﴾ (٢١) بەبێ (ال) ﴿ وَيَقْتُلُونَ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ ﴿١١٢﴾ ﴾ (١١٢)ئەوە لە دەفتەرەکەت بینووسە کوڕم .

هەروەها تۆش بەدووبارە کردنەوەت لەو شوێنانەی کە لەیەك ئەچن هەتا وای لێ دێت بە تەواوی کە ڕێکی ئەخەین، هەروەها هەرکاتێك گەیشتییە ئەو شوێنانەی کە لەیەك ئەچن ئەوە مامۆستاکەت ئامۆژگاریت ئەکات. ئا لەمەدا گرنگی مامۆستاکەت بۆ دەرئەکەوێت، ئەوە لەم بنچینەیەی خوارەوە ڕوونی ئەکەمەوە: ئەگەر مامۆستات دەست نەکەوت، ئەوە قوتابی پێویستە پشت ببەستێ بە کتێب، وەکتێب لەم بوارەوە زۆرە و جۆرا و جۆرە.

جۆرێکیان گرنگی بەو بەشانە داوە کەلەیەك ئەچن: وەکو (البرهان في متشابه القران للكرماني). وە (فتح الرحمن) دانانی (شيخ الاسلام زكريا الانصاري) و (متشابه القران) دانانی(الحسين المناوي).

وە جۆرێکیان بەشێوەی شیعرە، بۆ قوتابی ئاسانە کە لە بەری کات، وەکو(نظم متشابه القران لمحمد التشيتي، ومنظومة الدمياتي، ومنظومة السخاوي ) وە ئەمەی کۆتاییان باشترین و ئاسانترینیانە بۆ لەبەرکردن.



# بنچینەی سیانزدەیەم

## گرنگی لەگەڵ بوونی مامۆستادا بە بەردەوامی

یەکێك لە بنچینە گرینگەکانی لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز(بەستنەوە بە مامۆستاوە) وە ئەم بەستنەوەیە گرنگیەکی هەیە نابێت خۆتی لێ بێ ئاگا کەیت، چونکە فێربوونی قورئان پێویستە یەکەم جار لە مامۆستاکەت وەری گریت، وەهەندێك لەو شتە گرنگە بەسودانە کە قوتابی سودمەند ئەبێت لێی لە قۆناغی یەکەمدا: ئەوەش مامۆستا کێشەکانی بۆ چاك ئەکات کە تووشی ئەبێت لە کاتی لەبەرکردندا.

وە دانیشتن لەبەر دەستی مامۆستادا کە گوێی لە قوتابییکەی ئەبێت لە وانەی ڕۆژانەیدا بۆ لەبەرکردن، ئەوە گرنگیەکی زۆر گەورەی هەیە لە پەروەردەی دەروونیدا.

**(لوقمانی حەکیم)** بە کوڕەکەی وت: ئەی کوڕم گەیشتیە چی لە ژیری و دانایەکەتدا (الحكمة) ؟

وتی: (ڕای نا پەڕێنم کە گرنگیم پێ نەدا) (**لا اتكلف مالا يعنيني**)

ئەویش وتی: ( ئەی کوڕم شتێکی ترماوە، لای زانایان دانیشە و نزیك بەوە لێیان و بە چۆکت لە بەردەمیان بوەستە، چونکە خوای گەورە ئەو دڵەی کە مردووە زیندووی ئەکاتەوە بە دانایی و ژیری وەکوو چۆن زەویەکی مردوو زندوو ئەکاتەوە بە بارانی بخووڕ لە ئاسمانەوە)(١).

چۆن مامۆستا دەست نیشان ئەکەیت؟

چەند بنچینەیەك هەیە بۆ دەست نیشان کردنی مامۆستا پێویستە ئەوکەسەی ئەیەوێت فێری قورئان بێت وەریگرێت لەوانە:

(١) جامع بيان العلم وفضله لابن عبد البر :(٧٧/١).

١– بـەدوا گـەڕان و سـەیركردن و بیركردنـەوە، پێویـستە لەسـەر قوتـابی بـەدوای مامۆسـتایەك بگـەڕێت كـە ئـەو مەرجانـەی تێدا پەسـەندبووە، وە پەلـە نـەكات لـە دەسـت نیـشانی مامۆسـتا هـەتا وەكـو بەتـەواوی بـیری لێ نەكاتـەوە، (زەرنـوجی) ئەفەرموێت: (ابو حنیفەی كوڕی حمادی كوڕی سەلەمە) دەست نیـشانی كـرد پـاش بیركردنەوە"

هـەروەها (زەرنجـی) ئەفـەرموێت: (حكیم) لـە ئامۆژگاری هەنـدێك لـە فێـر خـوازی زانستی شەرعیدا فەرمووی:ئەگەر ڕۆیشتی بۆ ( بخاری) ئەوە پەلەمەكە لە ڕۆیشتندا بـۆلای زانایـان، دوومـانگ بمێنــەوە هــەتا وەكــو بــە تــەواوی بــیر ئەكەیتــەوە و مامۆستایەك دەست نیشان ئەكەیت [1].

وە ئەگـەر ڕۆیـشتی بـۆلای زانایـەك بـە پەلـە، لەوانەیـە وانەكـەییت بـە دڵ نـەبێت، بـەجێی ئـەهێڵیت و ئەچیت بـۆلای زانایـەكی تـر، ئەوكاتـە پیرۆزباییـت لێ ناكـا لـە زانستەكەت، دوومانگ بیركەرەوە و بمێنەوە هەتا وەكو مامۆستایەك دەست نیـشان ئەكەیت ".

٢– ڕاوێژكردنی متمانەدارەكان وە پرسیار لەوانە ئەكەیت كە شارەزان لە بـواری زانــستی قورئــان و تجویــد، چــونكە ئــەوە بــیرو بــاوەڕی هــەموو موســوڵمانێكە:

﴿ وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ ١٥٩ ﴾ (آل عمران: ١٥٩) .

٣– ڕاوێژكردن (الإستخارة) لە خوای گەورە: ئەوكەسە نەدۆڕاوە كە ڕاوێژ بكـات، وە پەشیمان نابێتەوە ئەوكەسەی ڕاوێژ بكات . ئەو مەرجانـەی كـە لـەو مامۆسـتایەدایە كە بەدوای ئەگەڕێیت: پێویستە لە سەر فێر خوازی زانستی شەرعی.

وەبەتایبەتی مـەرج دانـی بـۆ ئـەو مامۆسـتایەی كـە دەسـت نیـشانی ئـەكات بـۆ لـە بەركردنی قورئان، وە هەندێك لەم مەرجانە :–

(١) تعليم المتعلم طرق التعلم(٤١).



١ ـ بـیرو بـاوەڕی ڕاسـت بـیرو بـاوەڕی ئـەهلی سـونەو جەماعەیـە، لـە هەنـدێك لـە پێشینەوە هاتووە ئەم زانستە دینە تەماشاكەن لەكێ وە دینەكەتان وەرئەگرن [1].

٢ـ زانستێكی زۆری هەبێت و زانیارییەكی تەواوی هەبێت دەربـارەی قورئـانی پـیرۆز و تەقوا و لەخوا ترس و باش بێت.

٣ـ پێویستە بتوانێت ئەو زانیارییەی كە هەیەتی بیگەیەنێت بە بەرامبەرەكەی.

٤ـ ئەبێت قورئانی پـیرۆزی لەبـەر بێـت و شـارەزا و وردكـار بێـت، لای ئـەهلی عـیلم ناسـراو و متمانـەدار بێـت، وە مۆڵـەتی (الإجـــازة) هـەبێت لـە قورئـانی پـیرۆزدا ئەگەر(قراءات العشرة) بێت باشترە.

وە ئەگەر یەكێكی وا دەست نەكەوت بەم شێوازە ئەوە یەكێكی تر بێت كە بـاش بێت،وە باشتر وایە لای یەكێك بخوێنێت كەقورئانی لەبەر بێت بۆ لەبەركردن چونكە ئەو كەسـەی قورئـان لەبـەركات خـۆی گـوێی لـێ بێت لەوانەیـە هەڵـە بكـات و پێـی نـەزانێت بـەم شـێوەیە ئایـەتێكی زۆر لەبـەر ئـەكات بەهەڵـەیی،وە لەوانەیـە تـاكو ماوەیەك لەسەری بچێت.

(١) ( تذكرة الجامع والمتكلم في ادب العالم والمتعلم لابن جماعة:٨٥ ).

## بنچینەی چواردەیەم

### وردبوون و تەماشاکردنی ئایەتەکان لە کاتی لەبەرکردندا

تەماشاکردن ئامێرێکی بنەڕەتییە کە پشتی پـێ ئەبەسـتی بـۆ لەبـەرکردنی قورئـانی پـیرۆز، بۆیـە پێویـستە یـەکێك ڕێنماییـت بکـا بـۆ ئـەوەی زیـاتر گرنگـی بەشـێوەی تەماشـارکردن بـدەی لـە کـاتی لەبەرکردنـدا وەلـە یەکـەم قۆناغـدا پێویـستە ئـەو لاپەڕەیەی کە لەبەری ئەکەیت زۆر تەماشای بکـەیت کـە چـونکە بەختـەوەر ئـەبیت، وە چاوت تێرکەیت لە تەماشاکردنی ئایەتـەکان هـەتا چاپ بێـت لەگـەل دەنگـت دا چونکە درێژە پێدان لەتەماشاکردن وا لەئایەتەکان ئـەکات وەکـو وێنـە لـە لاپـەڕەی مێشکدا بچەسپێت و نەخشە کرابێت لە مێشکدا بە مەرجێك ئەگەر پاش چەند ساڵێك پرسیارت لێ بکرێت دەربارەی ئایەتێك ئـەوە کـەمترین شـت ئـەبێ بێتـە بەرچـاوت و یادی بکەیتەوە ئایا لای ڕاستی لاپەڕەکەوەیە یان لای چەپەوەیە .

وە زۆر لـــە زانایانمـــان ئاماژەیـــان بـــە گرنگـــی تەماشـــاکردن و وردبـــوون داوە (إسماعيل بن أبي أويس) ڕێنمایی یەکێك ئەکات کەپرسـیاری لـێ ئـەکات ئەفـەرموێت: ئەگـەر ویـستت شـتێك لەبـەر کـەیت بخـەوە پاشـان هەسـتە لـە بەرەبەیانـدا ئـەوەی ئەتـەوێ لەبـەری کـەیت تەماشـای کـە (واتـە: لەبەریکـە) ئـەوە إنـــشاءالله بـە هـیچ شێوەیەك لە یادت ناچێتەوە [1].

ئەم ڕێنمایانە لەزانایانی پەروەردەی ئاینییەوە وەرگێڕاوەن زۆر بە نرخن.

(١) (الجامع في الحث على حفظ العلم) انتقاء ابي عبدالله الحداد(١٧٧).



## بنچینە ی پانزدەیەم

### کارکردن بە لە بەرکردن و خوێندنەوە پێکەوە و بەردەوام بوون لە خوا پەرستی و وازهێنان لە تاوان

بەڕاستی خوا پەرستی دڵ ڕوناك ئەکاتەوە، وای لێ ئەکات کەمێشکی ڕوناك کاتەوە و ئامادەی ئەکات بۆ لەبەرکردنی قورئـانی پـیرۆز، بـە پێـچەوانەی دڵێکـەوە کـە تاریـك بووە بە تاوان چونکە خوای گەورە سزای تاوانبار ئەدات کـە نیعمـەتی زانیـاری و لـە بەرکردنی لێ ئەسێنێتەوە و لە مێشکی دەری ئەکات.

ئەیگێڕنەوە لە (عەبدوڵڵای کوڕی مسعود)ەوە (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) ئەفـەرموێت: من ئەبینم کە پیاوێك زانیارێکەی لەیاد ئەچێتەوە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکـەوە کـە ئەیزانیت [1].

پرسیار کرا لـە(ئیمـامی مالـك) (ڕەزای خـوای لێ بێـت) هـیچ شـتێك ئەشـێت بـۆ ئـەم لەبەر کردنە؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: ئەگـەر شـتێك بـشێت ئـەوە وازهێنانـە لـە تاوان [2]. هەروەها (علی کوڕی خشرم) بـە (وکیـع ی کـوڕی جـراح)ی فـەرموو: مـن پیاوێکی کەم فـامم لەبـەرکردنم نییـە دەرمـانێکم فێرکـە بـۆ لەبـەرکردن، (وکیـع) لـە وەڵامدا فەرمووی: ئەی کوڕم والله هـیچ دەرمـانێکم بـەکار نـەهێناوە بـۆ لەبـەر کـردن وەکو وازهێنان لە تاوان باشتربێت [3].

ئەمە چەند ئامۆژگارییەکی سەلەفی ساڵحە(ڕەزای خوایان لێ بێت) وە بـۆ ئـەم بابەتـە ئەم هۆنراوەیەی ئیمامی شافعی (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەهێنمەوە، ئەفەرموێت:

شَكَوْتُ الى وَكيعٍ سُوءَ حِفْظِي     فأرشَـــــدَنِي الى تَرْكِ المعاصــــِي
وأخبَرَنِي بأنّ العِلمَ نُـــــورٌ     نورُ الله لا يُهدَى لِعاصِــــــــــــي

(١) جزء فيه اخبار لحفظ القرآن تخريج ابن عساكر:(٢٢٦).

(٢) جزء فيه اخبار لحفظ القرآن تخريج ابن عساكر:(٢٢٧).

(٣)جزء فيه اخبار لحفظ القرآن تخريج ابن عساكر:(٢٢٨).

واتـە:چـووم بـۆ لای مامۆسـتاکەم وتم لەبـەرکردنم خـراپ بـووە، ئـەویش لەوەڵامـدا دەسـت نیـشانی وازهێنـانی تـاوانی لـیّ کـردم، وە پێـی وتم: زانـست ڕوناکیـە،وە ڕووناکیش خوای گەورە نایداتە تاوانبار.

بۆیە خوا پەرستی و دوورکەوتنەوە لەتاوان کردەوەیە بۆ ئەم قورئانەی کەلەبەری ئەکـەین، وە سـزایەکی زۆر تونـد هـاتووە لـەقورئان کـە ئـەوەی زانـست بزانێـت و کردەوەی پیّ نەکات:وەکـو خـوای گـەورە لەقورئانـدا ئەفـەرموێت:﴿ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴾{الصف :٣} .

واتە: خوا لە لای سەختە کە شتیّ بڵێن و کـاری پێنەکـەن ! وە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەفـەرموێت: ( إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ:: الى أن قال: ...... وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِىَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا قَالَ تَعَلَّمْـــتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ. قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَـــالَ عَـــالِمٌ. وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ. فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِىَ فِـــى النَّارِ)(١)

واتە: یەکـەم کـەس کـە ڕۆژی قیامـەت لێپرسینەوەی لەگـەڵ ئـەکرێت: هـەتا وەکـو فەرمووی: پیاوێك فێری زانست بووە و خـەڵکیش فێـر ئـەکات، وە قورئـانی خوێنـد، پاشـان ئـەو پیـاوە ئـەهێنن پاداشـتەکەی پـیّ ئـەڵێن و ئـەویش ئـەیزانێت، پێـی ئەوترێت چۆن ئیشت کرد؟ئەویش لەوەڵامدا ئەڵێت: فێری زانـست بـووم و خەڵکیـشم فێر کرد،وە قورئانم خوێنـد، ئینجا پێـی ئـەوترێت: درۆت کـرد،بـەڵکو پێـت بوترێـت فلاّن کەس قورئان خوێنە، وە وتراش، پاشان بەدەم و چـاودا ڕای ئەکێـشن تـاوەکو ئەکرێتە ناو ئاگرەوە.

(١) صحيح: رواه مسلم:(٤٧/٦).



وە ئاینی ئیـسلام لـەنێوان زانـست و ئیـشکردندایە، ئیش کـردن بـەو ئایەتانـەی کـە لەبەری ئەکەیت لە ناو مێشکدا جێگیر ئەبێت، بۆیە چۆن خـوای گـەورە لەبـەرکردنت پیّ ئەبەخشێت ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەتدا ئیش بە قورئان نەکەیت؟

(**ئیمامی غزالی**) ئەفەرموێت: ئەگـەر سـەد سـاڵ زانـست بخوێنییـت وە سـەد کتێـب کۆکەیتەوە ئەوە ئامادە نابیت بۆ ڕەحمەتی خوای گەورە ئەگەر کـردەوەی لەگەڵدا نەبێت(١)، خوای گەورە لە قورئاندا ئەفـەرموێت:﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴾ (النجم: ٣٩) .

واتە: بۆ هیچ ئادەمیزادێك نییە پاداشتی کـردەوەی خـۆی نـەبیّ، ئـەو کارانـە نـەبیّ کاتیّ خۆی هەوڵی بۆ داوەو کردویەتی.

هەروەها(وكيع) ئەفـەرموێت: (ئێمـە پـشت ئەبەسـتین بـە لەبـەرکردنی فـەرموودە و ئیش کردن، وە پشت ئەبەستین بەدوا کەوتنی زانست بە ڕۆژەوە).

وە ئەم بنچینەیە بنچینەیەکی زۆر گرنگە پێش لەبەرکردن و دوای لەبە کـردن، پـێش هەموو شتێك ئەبێت موسڵمان خۆی ئامادەکات بۆ لەبەرکردن، بە ئـەوەی دڵـی پـاك کاتەوە لەتاوان.

برای موسڵمان ئەگەر ئەو چاوەی ئەبپارێزی بەقورئانی پـیرۆز نابێـت سـەیری شـتێك بکەیت کە خوای گەورە حەرامی کردووە،وە ئەگەر بتـەوێت گـویّ لـەقورئان بگریـت نابێت گویّ لە شتیّ بگریت کە خودا حەرامی کردووە وەکو گۆرانی و مۆسیقا.

(١) ايها الولد للغزالي : (٩٩).

## بنچینەی شانزدەیەم

### دووبارە کردنەوە بە ڕێك و پێکی لەبەرکردن بەهێز دەکات

ئێمە چۆن گرنگییەکی زۆر بە لەبەرکردن ئەدەین پێویستە گرنگی زیاتر بدەین بە دووبارەکردنەوە بەڵکو قۆناغی دووبارەکردنەوە لە قۆناغی لەبەرکردن زۆر پێویست ترە، چونکە لەبەرکردن ئاسانە لەسەر دەرونی موسڵمان، وە هێزو توانایەکی کەمی ئەوێت بە پێچەوانەی دووبارەکردنەوە قورسە لەسەر دەروون، پێویستی بە تێکۆشان و ئارام گرتن و بەردەوامی هەیە بە تایبەتی لە قۆناغی یەکەمی لەبەرکردندا بۆیە بەشێکی تایبەتیم بۆ دووبارە کردنەوەی ئامادە کردووە وە باسم کردووە کە چۆن دووبارەی ئەکەیتەوە.

بەڵام لێرە تەنها دەست نیشانی شتە گرنگەکان ئەکەم، وە بنچینەیەکی زۆر گرنگە و تەواوکەری لەبەرکردنە، ئەگەر ئەو بابەتانەی لەبەری ئەکەیت دووبارەی نەکەیتەوە سوودی لێ نابینیت، وە ئەگەر ئەوکەسە ئەو ئایەتانەی لەبەری کردووە دووبارەی نەکاتەوە پاش ماوەیەکی کەم پێویستی بەدووبارەکردنەوەیە جارێکی تر.

(**جەعفری کوڕی سادق**) ئەفەرموێت: دڵەکان خۆڵن زانستیش چاندنە، وە خوێندنیش ئاوەکەیەتی ئەگەر ئاوت لەخۆڵەکە بڕی دارەکە وشك ئەبێتەوە [(١)].

(١) الجامع لأخلاق الراوي وآداب الجامع للخطيب البغدادي(٢/٣٣٤).



## بنچینەی حەڤدەیەم

### تێگەیشتن لە قورئان ڕێگەیەکە بۆ لەبەرکردن بەتەواوی

یەکێك لە بنچینە گرنگەکان ئەوەیە کە ئەو کەسەی تێ بگات لەوەی کە لەبەری ئەکات بەپێی توانای خۆی بێت، بەڵام ئایا ئەم بنچینەیە ئاساییە؟ گشتییە؟ ئەگەر ڕەچاو بکرێت منداڵی بچووك قورئان لەبەر ئەکات بەبێ ئەوەی لێی تێ بگات، هەروەها مەردوومی نا عەرەب (الأعجمي) بینیم موسڵمانی وا هەیە هەموو قورئانی لەبەرە بەبێ ئەوەی لێی تێ بگات، ئەگەر پرسیاری لێ بکەیت لە واتای وشەیەك ئەوە نایزانێت، بە پێی ئەم بنچینەیە تێگەیشتنی گشتی نییە لە هەموو کاتێکدا پێویست نییە، وە پێویستە جیاوازی کەین لە نێوان گەورەو بچووکدا، وە مەبەست لە تێگەیشتن: تێ بگەی لەو ئایەتانەی لەبەرت کردووە، وە ئەگەر وشەیەکی نادیارت بینی ئەوە بچۆ تەفسیرەکەی بزانە تاوەکو تێبگەی، ئەو کاتە لە مێشکدا ئەچەسپێت، بەڵام منداڵی بچووك پێویست ناکات واتای هەموو ئایەتێك بزانێت کە لەبەری ئەکات چوونکە عەقڵی زۆر واتاکان هەڵناگرێت.

بەڵام ئەگەر ئایەتێکی لێ قورس بوو بۆ لەبەرکردن ئەوکاتە ئەو ئایەتەی بۆ شی ئەکەیتەوە هەتاوەکو ئاسان بێت بۆ لەبەرکردنی.

# بنچینەی هەژدەیەم

## هاندانێکی بە هێز و ئارەزوویەکی ڕاستگۆ بۆ لەبەرکردنی قورئان

ئەگەر پرسیار بکەین: چ هاندانێك هەیە کە موسڵمان قورئان لەبەرکا؟
بە کورتی لە چەند خاڵێکدا باسی ئەو ئارەزو و ویستانە ئەکەین کە موسڵمان هـەوڵی بۆ ئەدات:

أ. ئەجرو پاداشت و هەوڵدن بۆ پلە و پایەکانی بەهەشت.

ب. پێشبڕکێ ﴿ وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾ (المطففين: ٢٦) واتـە: پێـشبڕکێ بکەن بۆ عیبادەتی خوای گەورە.

ج. مەبەست لە (لەبەرکردنی قورئان) گومانی تێدا نیـە کـە یەکـەم شت مەبەسـتی موسـڵمان ئەوەیـە کـە سـەرکەوتوو بـێ کـە خـوای گـەورە ڕازی بێـت لێـی، وە لـە موسڵمان ناشاردرێتەوە کە خوای گەورە چی بۆ ئەوانە ئامادەکردووە کـە قورئانیـان لەبەرە لە ئەجر و پاداشت، پاشان ئەو هەموو پاداشـت و لێ خـۆش بوونـە، وە بـەرز بوونەوەی پلەی بەرز لە ژیانی دونیا و دوای مردندا، ئەمـە بـەس بێـت بـۆ ئـەو پـیرو گەنجانە کە بگەڕێنەوە بۆ لەبەرکردنی ئەم قورئانە.

وە مـن ئامـاژەی پـێ ئـەدەم ڕۆڵـی ئـەو مامۆسـتا و بەخێوکەرانـە بـە جـوانی پەروەردەیان بکەن.



# بنچینەی نۆزدەیەم

## داواکردن لە خوای گەورە و پاڕانەوە و نزاو یارمەتی

گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە ئیش و کار ئاسان ئـەکات، وە پـشت بەسـتن و داوای یارمەتی لێ کردن بە تایبەتی ئەو کاتەی کـە لەبـەرکردن لات قـورس و گـران ئـەبێت، ئەوە باشـترین دەرمانـە، وە ڕووداوێـك ڕووی دا لـە یـەکێك لـە فێـر خـوازی زانـستی شەرعی کە (متن الشاطبية)ی لەبەر ئەکرد لـە (قراءات السبع)ە باسـێکی قـورس بـوو بۆ لەبەرکردنی تاوەکو بەرەبەیانێکی زوو لە خوای گەورە پاڕایەوە و دەستی کرد بە گریان وای لێ هات لەبەری کرد و بۆی ئاسان بوو.

وە زۆربەی لە قوتابییەکان تووشی خاوبوونەوە دەبن بە هۆی ئەوەی کـە شـتێکی لا قورس بووە، وەکو ئـەبینین کـە لـە سـەردەمی ئێمـەدا زۆر بـووە، هەرچـەندە ئـەم بنچینانەی کە باسمان کرد ئـەو کەسـە ئـەیزانێت بـەڵام نـاتوانێ ڕوو لـە لەبـەرکردنی قورئان بکات، ئەمەش بە دوعا و پاڕانەوە و نزاکردن و گریان ئـەبێت لـە بەردەسـتی خـودادا، وەکـو چـۆن خـوای گـەوەرە لـە قورئانـدا ئەفـەرموێت: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾ (البقرة: ١٨٦) .

واتە: هەرکاتێ بەندەکانم لە بارەی من پرسیارت لێ ئەکـەن:ئایا مـن دوورم لێیانـەوە یان نزیك؟ دەبێ بزانن،من زۆر نزیکم لێیانەوە، بە هاناو پاڕانـەوەی گۆیانـەوە دێـم و وەڵامیان دەدەمەوە هەر کە لێم وە پـاڕێن، دەبـا ئـەوانیش فـەرمان و داخـوازی مـن وەڵام بدەنـەوە فەرمانـەکانم پـشتگوێ نەخـەن، وەبـاوەڕی تـەواوی بتـەویان هـەبێ بەڵکو ڕێی ڕاست بۆ خۆ بەدی بکەن.

# بەشی سێ یەم

## ئەو ڕێگا گونجاوانەی کە بە کردار ئەنجام دەدرێن و ئەو هۆیانەی کە یارمەتی دەرن بۆ لەبەرکردن



## بەشی سێیەم

**ئەو ڕێگا گونجاوانەی کە بە کردار ئەنجام دەدرێن و ئەو هۆیانەی کە یارمەتیدەرن بۆ لەبەرکردن**

(الطرق العملية التطبيقية والوسائل المعينة على الحفظ)

لە ڕۆشنایی ئەو بنچینانەی کە لە بەشی پێشودا درێژەم پێدا، لەم بەشەدا ئەو شێوە نموونەیانە باس ئەکەم کە یارمەتیدەرن بۆ لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز.

هەر کەسێك ئەم شێوازانە بخوێنێتەوە بەوەی کە سوودمەندبێت لێی– بێگومان بە ئەنجامێکی وا دەرئەچێت کە زۆر ئاسان ئەبێت بۆی بە پەنای خوای گەورەوە،بەمەرجێك پابەند بێت بەو بنچینەو مەرجانەی کە باسکرا.

**شێوازی یەکەم :**

شێوازی (١٠ پیتی –ت– ) شێوازێکی ڕاستە بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بە پێی تاقیکردنەوەی کەسایەتیم.

(طريقة التاءات العشر وهي الطريقة المثلى لحفظ القرآن الكريم من خلال تجربتي الشخصية).

لە ڕۆشنایی ئەو بنچینانەی کە لە بەشی ڕابردوودا باسکرا، ئەڵێم ئەو کەسەی ئەیەوێت لاپەڕەیەك لە قورئان لەبەر بکات لەهەر سورەتێك: هیوام وایە پێکەوە ئەم خاڵانە بخوێنینەوە:

١. پابەند بە لەسەر چاپێك لە قورئانی پیرۆز، گەورەیەکەی بەگوێرەی ویستی خۆت بێت، بەهیچ شێوەیەك نەیگۆڕیت، تاوەکو بتوانیت شوێنی لاپەڕەکان و ڕیزەکانی لەبەرکەیت، وەباشتر وایە قورئانێك بێت کە یەکەم لاپەڕە بە یەکەم ئایەت دەست پێ بکات و کۆتایی ئایەتەکەش لە کۆتایی لاپەڕەکەدا بێت.

٢. دانیشتنێکی باش و خۆ ئامادەکردن بۆ لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز ئەویش ئەبێت:–

أ– خۆ ئامادەکردنێکی دەروونی،ئەویش بەنیەتێکی باش و ویستی خێر و پاداشت لای خودای گەورەوە.

ب– دەست نوێژێکی چاك و تەواو.

جـ– دانیشتن لە جێگایەك كە دەروونت بە تەواوی ئەحەسێتەوە و پشو ئەدات. وە هیچ شوێنێك باشتر نییە بۆ لەبەرکردن وەکو مزگەوت.

وە باشتر وایە کە لەو جێگایە وێنە و نەخشەو ئەو شتانەی کە سەرنجت ڕائەکێشن نەبێت، وە هەرچەندە جێگاکە تەنگ و تەسك بێت لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێکی هەبێت بۆ گۆڕینی هەوای پاك، باشترە لە جێگایەك پڕ بێت لە دارو دارستانی فراوان، هەرچەندە هەندێك ئەمەی لا باشترە، بەڵام من بەگوێرەی تاقیکردنەوە ئەڵێم، نەك بەخەیاڵەوە، چونکە خوێندنەوەی ئاسایی جیاوازە لەگەڵ لەبەرکردن و وردبیندا، وە فراوان بوونی جێگا و زۆربوونی وێنەو دار و دارستان مێشکی مرۆڤـــ ئاڵۆز ئەکات و لێی تێك ئەدات.

هـ– ڕوو لەقیبلە و دانیشتن بە هێمنی و نەرم و نیانییەوە.

٣. دەست بکە بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك لە قورئان پێش لە بەرکردن، ئەگەر لە بەرت بێت یان بە سەیرکردنی قورئانەکەبێت، وە زۆربەی ئەوانەی کە قورئانیان لەبەرە و سەرکەوتوبوونە، واتە (مامۆستایان) ڕێگە نادەن بە قوتابی قورئان لەبەر بکات تاوەکو ئەوەی کە لە پێشوودا لەبەری کردووە دووبارەی نەکاتەوە و مامۆستاکەی گوێی لێ بگرێت.

٤. وریابە کە دەنگت خۆش بوو بۆ قورئان خوێندن پێت بڵێن تۆ زۆر دەنگت خۆشە و کاتەکانت بە فیڕۆبدەیت لە دەنگ خۆشی کردنەوەتدا وە بەتایبەتی کە دەنگت تۆمار بکەیتە سەر (کاسێت) هەتا وای لێ دێت هیچت لەبەرنەکردووە .



٥. چاوت بکەوە و جوان تەماشای قورئانەکە بکە و ئایەتەکە بخوێنەرەوە بەدەنگێکی بەرز و بە تەجویدەوە،بۆ نمونە ئەم ئایەتە ئەخوێنیتەوە کە خوای گەورە ئە فەرموێت:﴿ سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ ﴾(البقرة:١٤٢) سێ جار بیخوێنەرەوە یان زیاتر، تاوەکو مێشکت وەری ئەگرێت، پاشان چاوت داخە و لەبەر بیخوێنەرەوە، هۆش و بیرت لای شوێنی وشەکان بێت، ئەگەر سەرکەوتوو بوویت لە خوێندنەوەدا بەبێ هەڵە، ئەوا دڵخۆش مەبە،بەڵکو دوو جار و سێ جار و پێنج جار دووبارەی بکەرەوە.

٦. پاشان جارێکی تر چاوت بکەرەوە و هەر ئەوئایەتە دووبارە بکەرەوە لە سەر قورئانەکە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە لەبەرت کردووە، ئەگەر دڵنیا بوویت لە ١٠٠٪ کە بەڕاستی لەبەرت کردووە .دووبارە دڵ خۆش مەبە، بەڵکو چاوت داخە و بۆ جاری کۆتایی بیخوێنەرەوە.

بەم شێوەیە لە مێشکتدا وەکو نەخشە دروستت کردووە و دەر ناچێت لە مێشکت بە پەنای خوای گەورەوە، ئەم شێوازە تاقیکەرەوە ڕاستی ئەم ڕێبازە ئەبینی.

* تێبینی:– لە کاتی دووبارە کردنەوە دا وریابە تەماشای دەوروبەری خۆت نەکەیت وەکو نەخشە و وێنە لەسەر دیوار، هەروەها تەماشای پانکە مەکە کەئەسوڕێتەوە، وە ئاگاداربە لە ( پەنجەرە)وە تەماشایی دەرەوە نەکەیت و دیمەنی ئۆتۆمبێل و شەقام و خەڵکی سەرقاڵ و چەواشەت کەن، وەکو ئەوەی کە ڕوو ئەدات لە لایەن قوتابییکانەوە لەکاتی خوێندن و تاقیکردنەوەکانیاندا.

٧. پاشان ڕاستەوخۆ بچۆرە سەر ئەو ئایەتەی کە لە دوای دێت:﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا ﴾ {البقرة: ١٤٣} بە هەمان هەنگاوی پێشوو دەست پێبکە، وە ئەگەر ئایەتێکی درێژت بینی ئەوا بیکەرە چەند بەشێکەوە، بەڵام شێوازەکەی تەواو بێت کە مانا ببەخشێت ( وقف الصحيح الحسن)، پاشان چەند جارێك دووبارەی کەرەوە تا وەکو لە مێشکتدا ئەچەسپێت.

٨. دەست بکە بە (بەجێهێنانی بەیەك گەیاندن) ئەوەی لە بنچینەی هەشتەم باسم کرد لە بنچینەکانی لەبەر کردن ئەویش ئەوەیە کە قورئانەکە بکەوە، بەوردی تەماشای سەرەتای ئایەتەکە بکە بۆنمونە ﴿ سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِي كَانُواْ عَلَيْهَاۚ قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُۚ يَهْدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾ (البقــرة: ١٤٢ ) بەدەنگەوە بیخوێنەرەوە، پاشان بەپەلە بیگەیەنە بە یەکەمی ئایەتەکە و بە بێ وەستان﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴾ ئەم کردارە دووبارە بکەرەوە لە پێنج جار کەمتر نەبێت.

٩. شێوازی دووبارەکردنەوەت لەیادنەچێت، لەبەشی چوارەمدا بەتەواوی باسم کردووە .

١٠. پشت بەستن بەخودای گەورە لە هەموو هەنگاوێکدا .

پاش خوێندنەوەت لەم هەنگاوانە گەر ویستت لێبوو، ئەوا دەست پێبکە و لەدەفتەرێکدا ئەو ڕۆژەی کە دەستت بەلەبەرکردن کردووە بینووسە، پاشان پەیوەندی بکە بەو هاوڕێیەی کە خۆشت دەوێ و متمانەت پێیەتی، وە پێی بڵێ ڕێگایەکم بینیوەتەوە بۆ قورئان لەبەر کردن، بەڵکو ئەویش ئەو خێرەی دەست کەوێت، وە ئەم پەیوەندیە سوودی ئەوەیە کەئەو هاوڕێیە ئەبێتە یارمەتی دەرت بۆ لەبەر کردن .

<u>تێبینی</u>:- بۆیە ناوی لێ نراوە (طريقة التاءات العشر) شێوازی (١٠ تـاء)ەکە لەبەر ئەم شێوازەی خوارەوە هەموو وشەکانی بە پیتی (ت) دەست پێ ئەکات:

١. التهيئة النفسية. ٢. التخيّل. ٣. التسخين. ٤. التنفّس. ٥. التركيز. ٦. الترتيل.
٧. التكرار. ٨. الترابط. ٩. التثبيت والمراجعة. ١٠. التوكل على الله.

النتيجة = حفظ متين بطريقة مثلى.



**<u>شێوازی دووەم</u> :** لەبەر کردن لە نێوان دووکەسدا.

ئەوەی ویستی لێیە لە نێوان دووکەسدا قورئان لەبەر کات، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات .

١- یەکێك لە برادەرەکانت هەڵبژێرە و کاتێك دیاریکەن، وە باشتر وایە دوای نوێژی بەیانی بێت، یان لە نێوان مەغریب و عیشادا.

٢- پاشان یەکێك لە سورەتەکان دیاری بکەن و یەکێکتان قورئانەکە بکەنەوە و یەکەم کەس ئایەتێك بخوێنێتەوە لە سەر قورئانەکە و دووەم کەسیش گوێی لێبگرێت و لێی وریا بێت کە هەڵە نەکات، پاشان دووەم کەس بیخوێنێتەوە لە سەر قورئانەکە، پاشان یەکەم کەس لە بەر بیخوێنێتەوە دواتر دووەم کەس لە بەر بیخوێنێتەوە .

پاشان بچن بۆ دووەم ئایەت بەهەمان شێواز ، هەتا وەکو لاپەڕەکە کۆتایی پێد ێت .

٣- پاشان دەست بکەن بە (بەجێهێنانی بەیەك گەیاندن ) تا وەکو دڵنیابن کە لە بەرتان کردووە .

٤- پاشان کرداری تاقیکردنەوە دەست پێدەکات، یەکێکتان ببن بە مامۆستاو ئەوی ترتان ببن بە قوتابی، پاشان بەپێچەوانەوە هەر یەکێکتان هەڵەی هەبوو بۆ ئەوی تر دەست نیشانی کات،بەڵکو جارێکی تر دووبارەی نەکەنەوە .

**شێوازی سێیەم** : سوودمەند بوون لە کاتی بە فیڕۆداندا لە ناو ئۆتۆمبێل.

زۆر لەو برایانەی ئیشیان زۆرە و ویستی قورئان لەبەر کردنیان هەیە و ئەڵێن کاتمان نییە، کاتێك کە ئەبینم ڕاستگۆن، وە زۆربەی کاتەکانیان لەناو ئۆتۆمبێل ئەبەنە سەر، بۆیە ئەم ڕێگایانەم بۆیان داناوە:

١- ئەو لاپەڕەیەی کە ئەتەوێ لەبەریکەیت کۆپی بکە.

٢- لە پێش چاوت هەڵیواسە لە جێگایەك کە لێخوڕینەکەت لێ تێك نەدات.

٣- بەیانی کە سەرکەوتی ئایەتی یەکەم بخوێنەرەوە و دووبارەی کەرەوە تاوەکو مەکینەی ئۆتۆمبێلەکەت گەرم ئەبێت.

٤- گەر کەوتییە ڕێ ئایەتەکە دووبارەکەرەوە لەبەر.

٥- ئەگەر لە هێمای هاتوو چۆ(إشارة المـــرور) وەستای تەماشای ئایەتی دووەم بکەو بیخوێنەرەوە، هەروەها ئایەتەکانی دیکەش.

*تێبینی:-

أ- وریابە ئەو لاپەڕەیەی کە لە بەرت کردووە نەدڕێت، بەڵکو بیکەرە شوێنێکی باشەوە پێی ئەچێت جارێکی تر بگەڕێیتەوە سەری.

ب- وریابە زۆر تەماشای کاغەزەکە نەکەیت لە کاتی لێخوڕیندا، تاوەکو تووشی ڕووداو نەبیت تەنها لە کاتی وەستان و چاوەڕێ کردندا تەماشای بکەو بیخوێنەرەوە.

وە هەندێك لەو برایانە بەرگی نایلۆنیان لێ خستبوو بۆ ئەوەی زوو لە ناو نەچێت.

وە ئەتوانیت قورئانی بچووك بەکار بهێنیت لە جیاتی ئەو کاغەزانە یان ئەو قورئانەی کراوەتە چەند بەشێکەوە(جوزئێکەوە).

وە هەندێك لە (زانایان) بەم شێوەیە لەبەریان کرد، بەڵام لە جیاتی ئۆتۆمبێل پاسکیل یاخود وڵاخ یان بەکار ئەهێنا وەکو(الشيخ عبدالفتاح المرصفي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت بۆی باس کردم کە (طيبة)ی لەبەر کرد لە (قـــراءات العـــشر) لەسەر (وڵاخ)، وە خۆم (ألفية ابن مالك)م تاقیکردەوە لەسەر پاسکیل بینیم ڕێگایەکی زۆر بە سوودە.



وە لە هەمان کاتدا گوێ گرتن لە(تسجيل) لە ناو ئۆتۆمبێلدا بەسوودە بە بێ ئەوەی چاوت بەکار بهێنیت تەنها ئەتوانیت زمانت بەکاربهێنیت.

**شێوازی چوارەم:** لەبەرکردنی پیشەوەران ( المِهنيِّين ).

ئەم ڕێگایەم باس کرد لەبەر هۆیەکی زۆر گرنگ، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو برایانە خەریکی پیشەو کاری جۆراو جۆرن و ویستیان هەیە کە قورئان لەبەرکەن، وە نامەوێ زۆر درێژەی پێ بدەم، بە کورتی شێوازی پیشە تاوەکو پیشەیەکی تر جیاوازە، بۆیە چەند خاڵێك باس ئەکەین کە ببێتە مایەی ئاسان کردنی قورئان لەبەرکردن:

١. لەو جێگایەی کە پشوو ئەدەیت دانیشە، بە تایبەتی کە زۆر پشوو ئەدەیت.

٢. قورئانەکە لە پێش چاوی خۆت دانە و بیکەرە قەد دوو بزمارەوە تاوەکو جێگیر بێت.

٣. یەکەم جار تەماشای بکەو بیخوێنەرەوە پاشان لەبەر بیڵێرەوە.

پێی ئەچێت ئەو کەسەی قورئان لەبەر کەرە بە لایەوە سەرسوڕمان بێت لەم شێوازە و بڵێت بەم شێوازە لەبەر ناکرێت، بەڵام مامۆستاکەم کە (القراءات العـــشر)م لای خوێند پێی ڕاگەیاندم کە بەم شێوازە تاوەکو سورەتی(الفرقان)ی لەبەر کرد لە ماوەی (چوار) مانگدا لە پیشەی چنین دا (النسيج ).

لەو مامۆستاو شێخانەی کە قورئانیان لەبەر کرد لە کارەکانیاندا: مامۆستای قورئان خوێنەکان (شيخ القُراء) لە (دیمەشق) زانای پایە بەرز (الـــشيخ حـــسين خطـــاب) ڕەحمەتی خوای لێ بێت کارەکەشی کاری (مسگەری) بوو لە بازاڕی مسگەرەکان لە (دمشق) پاشان بووە ئەو قورئان خوێنە.

هەروەها لەوانەی بەم شێوەیە قورئانیان لەبەرکرد-شێخ و زانای پایە بەرزی قورئان خوێن (أبو الحسن الكردي) -خوای گەورە بیپارێزێت- پیشەکەی (قەسابی)

بوو پاشان بووە قورئان خوێنی مزگەوتی (زيد بن ثابت) لە دیمەشق، وە یەکێك لەو شێخانەی کە لە دیمەشق بوو: (الشيخ عزّي) کە خۆی تایبەت کردبوو بۆ وتنەوەی وانە بۆ کۆمەڵێ کرێکار کە کارەکانیان پیشەیی بوو، وە لە ژێر دەستی کۆمەڵێك قورئان لەبەرکەر دەرچوو و قورئانیان لەبەرکرد، لە نێوانیاندا کابرایەکی نانەوا (خبّاز)کە هەموو قورئانی لەبەر کرد لە خانوویەکی ئاگردا.

**شێوازی پێنجەم:** گوێ گرتن لە ئامێری تۆمارکردن ( آلة التسجيل ).

بۆ سوود وەرگرتن لە ئامێری تۆمارکردن ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکە:

١. خەتمەیەکی قورئانی پیرۆز بکڕە بە دەنگ یەکێك لەو قورئان خوێنانەی کە زۆر باشن وەکو: (حصري، منشاوي، حذيفي).

٢. کاسێتی یەکەم لەگەڵ خۆت هەڵگرە بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکەت، پاشان لە یەکەمەوە گوێی لێ بگرە تاوەکو کۆتایی.

٣. دووبارە گوێی لێ بگرەوە.

٤. بۆ جاری سێیەم گوێی لێ بگرەوە و هەوڵ بدە لە گەڵیدا ئایەتەکان دووبارە بکەرەوە.

٥. بۆ جاری چوارەم ئەگەر ئایەتەکە دەستی پێکرد لە گەڵیدا بە و ئەگەر ئایەتەکەش تەواو بوو تۆش ئامێرەکە بوەستێنە و پاشان لەبەر ئایەتەکە بڵێرەوە، ئەگەر هەڵەت کرد دووبارە گوێی لێ بگرەوە، ئەگەر بە تەواوی خوێندتەوە، ئەوە (سێ) جار دووبارەی بکەرەوە بۆ ئەوەی بە باشی لە مێشکدا بچەسپێت.

٦. بچۆرە سەر ئایەتی دووەم هەمان شێوە بەکار بهێنە وەکو ئایەتی یەکەم.

٧. پاشان کرداری بەستنەوەت لەیاد نەچێت کە باسمان کرد،وە ئەم شێوازە چۆن بۆ ناو ئۆتۆمبێل بەکاردێت لە هەمان کاتدا بۆ ماڵەوەش بەکاردێت.



**شێوازی شەشەم:** یادکردنەوە لە ڕێگەی نووسینەوە.

بیروهۆشی مرۆڤ بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازە، هەندێکیان هۆشیان بە تەماشاکردن باشە، بە مەرجێك ئەگەر کتێبێکی خوێندبێتەوە بۆ یەك جارێکیش بێت، ئەوە ئەزانێت لە چ لاپەڕەیەکە و لای ڕاستەوەیە یان لای چەپەوەیە، ئەگەر گوێشی لێ نەبووبێت لە کاتی خوێندنەوەدا، وە هەندێکیان بیروهۆشیان بە گوێ گرتن باشە، توانای هەیە پاش (بیست) ساڵ بڵێت گوێم لەو شتە بووە و بە تەواوی پێت ڕائەگەێنێت.

پاش ئەو پێشەکییەی کە باسم کرد، شێوازی نووسینەوە بۆ لەبەرکردن زۆر بەسوودە. وە شێوازی نووسینەوە چەند شێوەیەکی هەیە:

١. پێنج ئایەت لەبەرکە بەتەواوی پاشان هەوڵ بدە ئەو ئایەتانەی کە لەبەرت کردووە بینوسەرەوە.

٢. ئەو ئایەتانەی بۆ لەبەرکردنە مامۆستا بۆ قوتابییەکان بینووسێتەوە لەسەر تەختە ڕەش (الصبورة) پاشان ئەوانیش بینووسنەوەو گوێیان لێبگرێت ئەوەی کە لەبەریان کردووە.

پاشان ئەو ئایەتانەی کەلەبەریان کردووە لەبەر بینووسنەوە بەبێ ئەوەی تەماشای قورئانەکە بکەن، بەم شێوازە بە پەنای خوای گەورەوە لەیادیان ناچێتەوە.

**شێوازی حەوتەم:** لەبەرکردنی قورئان لە ڕێگای پێشبڕکێ و دیاری و خەڵاتەوە.

پێشبڕکێ چەند شێوەیەکی هەیە:

**شێوەی یەکەم:** ڕێککەوتن لە گەڵ برادەرەکانتدا لەو شوێنەی کە کار ئەکەیت.

١. ڕێککەوتن لە گەڵ برادەرانت لە کارەکەت دا، یان لە قوتابخانەکەت یان لە نووسینگەکەت، سورەتێکی قورئان لەبەر کەن لە ماوەی(سێ) ڕۆژدا، پاشان بزانن کێ براوەیە .

٢. پاش سێ ڕۆژی تر لە مزگەوت یان لە قوتابخانە یان لە سەر کار کۆ ببنەوە، ئەگەر نەگونجا، ئەوە لە جێگایەکی تر کۆببنەوە.

٣. یەکێکیان هەستێ بە تاقیکردنەوەی ئەوانی تر بۆ هەر یەکێکیان پرسیارێك ئاراستە بکات، پاشان نمرە(الدرجة) دابنێت بۆ هەموویان.

٤. تەماشا بکات کێ لە نێوانیاندا کەمتر هەڵەی هەیە ئەوە براوەیە و یەکەمە، وە لە بەرامبەر ناوەکەی ئەستێرەیەك یان نیشانەیەك دابنێت، پاشان تەماشاکەن لە ماوەی ئەو مانگەدا کێ ئەستێرەی زۆر کۆ ئەکاتەوە(النجمة).

٥. یەکێك لەو برادەرانە دیاریەك بۆ ئەو کەسە بکڕێت کە براوەیە وەکو کتێبێکی بەسوود یان چەند قەڵەمێك یان (خەتمەیەکی قورئان) یان هەر شتێکی تر هاوشێوەی ئەوانە بێت.

**شێوەی دووەم:** ئاشکرای کەن کە پێشبڕکێیەکی قورئان لەبەرکردن هەیە:

بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە ئاشکرای ئەکات کە پێشبڕکێیەك دەست پێ ئەکات لە کۆتایی ساڵدا و پێنج بەش (جزء) قورئانە بۆ لەبەرکردن و خەڵاتەکان دیاری ئەکات کە گونجاو بێت بۆ قوتابییەکان.

وە لە هاوشێوەی ئەو پێشبڕکێیانەی کە ئەنجام ئەدرێت، لەوانە پێشبڕکێی نێودەوڵەتی کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەنجام ئەدرێت، وە بە ناوبانگترینیان (پێشبڕکێی نێودەوڵەتی کە لە مەککە) ئەنجام ئەدرێت.



هەروەها لە شێوەی ئەو پێشبڕکێیانەش: مێرد و ژن پێشبڕکێ بکەن و کامیان زۆرتر قورئان لەبەر ئەکەن لە ماوەی مانگێکدا.

وە لەو شێوانەش:

١. ئاشکرا کردنی گشتی لە(زیندانەکان): ئەوەیە کە هەر کەسێك قورئان لەبەرکات زیندانییەکەی کەم دەبێتەوە، یان لە زیندان ئازاد ئەکرێت، وە سوپاس بۆ خوای گەورە ئەوە ئێستا هەیە لە زیندانەکانی (عەرەبستانی سعوودیە) بە سەرپەرشتی خەڵکانێك کە سەرپەرشتی بەرنامەی لەبەرکرنی قورئانی پیرۆز ئەکەن.

٢. باوك لەگەڵ منداڵەکانی: باوك ئەتوانێت خۆشەویستی لەبەرکردنی قورئان بخاتە نێو دڵی منداڵەکانییەوە، بۆ نموونە ئەو شتانەی کە پێویستە بیکڕیت بۆ منداڵەکانت بیکەرە دیاری لە جیاتی ئەوەی کە قورئانیان لەبەر کردووە و بڵێت ئەی کوڕم ئەگەر ئەم مانگە ئەوەندە قورئانت لەبەر کرد (فلان کەلوپەلت بۆ ئەکرم). وە بەویتریان بڵێ ئەم پاسکیلە دیاری بێ بۆت چونکە ئەم مانگە سورەتی(جزء عمّ)ت لەبەر کردووە؟

هەروەها پێیان بڵێت: ئەگەر ئەم هەفتەیە ئەو سورەتەتان لەبەرکرد ئەوە ئەچین خواردنێکی خۆش پێکەوە ئەخۆین.

٣. مێرد لەگەڵ خێزانەکەی:ئەمەش شێوازی زۆرە بۆ نموونە: کاتێك کە ئەو پیاوە بەیانی زوو لە ماڵ دەرئەچێت بەرەو کارەکەی بە خێزانەکەی بڵێت ئەو سورەتە لەبەرکە تاوەکو دێمەوە، پاش هاتنەوەی دیارییەك پێشکەشی بە خێزانەکەی بکات.

**شێوازی هەشتەم:** لەبەرکردنی لاپەڕەیەکی قورئان ڕیز بە ڕیز.

١– قورئانەکە لەبەردەستت دانە و بیکەرە ئەو لاپەڕەیەی ئەتەوێ لەبەری کەیت.

٢– پاشان کاغەزێکی سپی بهێنە.

٣– هەموو ڕیزەکان داپۆشە تەنها ڕیزی یەکەم نەبێت.

٤– ئەو ڕیزەی دانەپۆشراوە بەتەواوی بیخوێنەرەوە تاوەکو لەبەری ئەکەیت.

٥– پاشان کاغەزەکە لە سەر ڕیزی دووەم لابە و لەبەری کە وەکو یەکەم.

٦– ڕیزی دووەم لەگەڵ یەکەمدا ببەستەوە تا بەتەواوی لەبەری ئەکەیت.

٧– یەك یەك کاغەزەکە لەسەر ڕیزەکان لاببە تا کۆتایی لاپەڕەکە،تا بەتەواوی گشتی لەبەرئەکەیت.

٨– هەروەها لاپەڕەکانی تر بەهەمان شێوە.

هەندێك لە برادەران پێمیان ڕاگەیاند کەیەکێك لە هاوڕێکانیان قورئانی لەبەرکرد بەم شێوەیە.

وە کو چۆن عەبدوڵڵای کوڕی عومەر(ڕەزای خوای لێ بێت) ئەفەرموێت: ( كنا نأخذ الآيات العشر فنحفظها ونفهمها ونعمل بهـا). ئەم فەرموودەیەش ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە.

واتە: ئێمە (دە) ئایەتمان ئەهێنا و لەبەرمان ئەکرد و تێ ئەگەیشتین لێی و کاریشمان پێ ئەکرد.



**شێوازی نۆیەم:** شێوازی قورئان لەبەرکردن لای (نابینا)یانەوە.

چاو نیعمەتێکی گەورەیە خوای گەورە بەخشیوێتی بە مرۆڤـــ، وە کەم کەس هەیە هەست بەم نیعمەتە گەورەیە بکات، بۆیە جارێکیان یەکێك لە مامۆستاکان وتی: ئەگەر ویستت نرخی چاوت بزانیت، پارچە قوماشێك ببەستە چاوتەوە بۆ ماوەی سەعاتێك ئەو کاتە ئەزانیت چ نیعمەتێکە.

وە هەرکەسێك سوپاسی خوای گەورە بکات کە چاوی پێداوە ئەوە با تەماشای شتی حەرامی پێ نەکات، وە ئەوانەی کە خوای گەورە چاوی لێ سەندونەتەوە شتێکی تری پێیان داوە لە جیاتی چاویان کە بە کەم کەس دراوە لە چاوساغەکان **ئەویش ئەوەیە کە بیرو هۆشیان** زۆر بەرزەو شتێکیان بدرێتی زوو وەری ئەگرن، وە لە بەرکردنیان گەلێ لە ئێمە تیژ ترە، وە ئەمە چەند شێوازێکە بۆ لەبەرکردن کە ئێستا باسی ئەکەم:

١– ئەو کەسەی نابینایە تەمەنی هەرچەندێك بێت، ببەن بۆ لای مامۆستایەکی قورئان لەبەرکەر، ئەگەر مامۆستاکەش نابینابوو باشترە.

٢– ئەگەر مامۆستایەکی قورئان لەبەرکەر نەبوو، ئەوا بچێت بۆ لای یەکێك کە خوێندنەوەکەی ڕاست و تەواو بێت، ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەوا ئامێری تۆمارکردن بەکار بهێنێت.

٣– شوێنێکی کپ و ئارام دەست نیشان بکات.

٤– ئایەت ئایەت قورئانەکەی بۆ بخوێنێتەوە بە دەنگێکی ڕوون و ئاشکرا، پاشان داوای لێ بکات کە لە دوایەوە جارێك یان دوو جار یان سێ جار بیخوێنێتەوە تا لەبەری ئەکات بە تەواوی.

٥– پاشان بچێت بۆ ئایەتی دووەم تا کۆتایی لاپەڕەکە دواتر ئایەتەکان ببەستێتە یەکەوە و دووبارە گوێی لێ بگرێت.

٦- چەند ئایەتێكی بۆ دەست نیشان بكات كەلە بەری بكات یان بەپێی توانای نابیناكە.

٧- پاشان دەست بكات بە دووبارە كردنەوەی ئایەتەكان كە ئەوەش ئەمێنێتەوە سەر توانای ئەو نابینایە كە هەوڵێكی زۆری بۆ بدات، ئەگەر وشەیەكی لەیادچوو بچێتە سەر ئەو ئایەتەی كە دوای ئەوەی تر دێت، پاشان مامۆستاكەی هات ئەو پرسیارەی لێ بكات.

ئێستا لەم كاتەی ئێمەدا ئامێری تۆماركردن زۆر بە سوودە بۆ نابیناكان، وە كۆمەڵێكی زۆر نابینام بینی كە قورئانیان لەبەركرد بەم شێوازە.

**شێوازی دەیەم:** لەبەركردنی قورئانی پیرۆز بە شێوەی بازنە لە مزگەوتدا.

لەبەركردنی قورئانی پیرۆز بە شێوەی بازنەیی بڵاوەیەكی زۆری كردوە لە مزگەوتەكاندا، بە زۆری لە وڵاتە ئیسلامییەكاندا، وە ئەم بڵاوبوونەوەیەش لە ساڵانی دواییدا پەرەی سەند لە مزگەوتەكانی (عەرەبستانی سعودیە).

بەشێوەیەكی فراوان، ئەمەش یەكەم جار بە فەزڵی خوای گەورەوە پاشان بە فەزڵی ئەوانەی كە خزمەتی قورئانی پیرۆز ئەكەن. وە ئەمەش یەكەم جار لە ژێر دەستی پیاوێكی پاكستانیدا بوو كە ناوی (شیخ محمد یوسف سیتي) بوو.

ئەویش لە ساڵی (١٩٦٢)ز ویستی لێ بوو كە قوتابخانەیەك بكاتەوە لە (پاكستان) بە تایبەتی بۆ لە بەركردنی قەرئانی پیرۆز، وە پێویستی بە مامۆستایانی قورئان لەبەركەر بوو كە وانەیان پێ بڵێن، بۆیە بڕیاری دا كە لە مەككە ئامادەیان بكات كە ئەوێ شاری قورئان و جێگای دابەزینی (الوحي)یە كاتێك كە گەیشتە(مەككە)سەری سوڕما كە كەم كەس هەیە قورئان لەبەركات! بۆیە بڕیاری دا كە لەوێ ئەو كارە ئەنجامدا، پاشان دەستی بە كارەكەی كرد و بڵاوەی كرد.

پاش ئەوە شێوازی لەبەركردنی قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە بوو:



١- مامۆستا ئاشكرای ئەكات كە لە یەكێك لە مزگەوتەكان دەست ئەكات بە فێر كردنی قورئانی پیرۆز.

٢- یەكەم جار سورەتە بچووكەكانیان بۆ ئەخوێنێتەوە ئەوانیش گوێی لێ ئەگرن.

٣- پاشان وانەی ڕۆژانەی پێ ئەدات كە لەبەری بكەن و بۆ ڕۆژی دووەم گوێیان لێ ئەگرێت.

٤- شێوەی لەبەركردنیان هەریەك قورئانەكەی ئەكاتەوە و ئەو وانەیەی پێی دراوە دووبارەی ئەكاتەوە تاوەكو لەبەری ئەكات بەتەواوی.

٥- ئەركی مامۆستا لەم بازنانەدا ئەوەیە كە ئاگاداریان ئەبێت و چاودێریان ئەكات و گوێیان لێ ئەگرێت.

٦- توانای قوتابیەك بۆ قوتابیەكی تر جیاوازە، هەیانە بەردەوام ئەبێت تاوەكو هەموو قورئان لەبەر ئەكات وە هەشیانە وازدێنێت، وە ئەو كەسە براوەیە كە بەردەوام ئەبێت.

٧- دەفتەرێكی تایبەت هەیە كە ئەو مامۆستایە تەماشای ئەكات و ناویان و تەمەنیانی تێدایە و چەند بەش (جزء) لەبەر ئەكەن و خشتەی ڕۆژانەی تێدایە ڕونی ئەكاتەوە كە قوتابی ڕۆژانە چەندی لەبەركردووە و چەندی دووبارەكردۆتەوە.

٨- ئاهەنگی ساڵانە ئەنجام ئەدرێت و بەخێوكەرانی قوتابییان لێی ئامادەئەبن لە گەڵ چەند زانا و مامۆستایەكی ئایینی، پاشان خەڵات ئەدرێت بەو قوتابیانەی كە زۆر باشن و سەركەوتوو بوونە لە تاقیكردنەوەكانیاندا كە هەموو قورئانیان لەبەركردووە.

**شێوازی یانزدەیەم**: سوورِ خواردنەوە.

ئەمەش شێوازێکی زۆر باشە کە لە وڵاتی (سودان) بینیم و شێوەیەکی نادیار نییە، وە زۆر کەسانێك تاوەکو ئێستا بەم شێوەیە قورئان لەبەر ئەکەن.

وە بەم شێوازە ئەبێت:

١- مامۆستاکە قوتابییەکانی فێر ئەکات و هەر قوتابییەك دەست ئەکات بە خوێندنەوە، وە لەبەرکردنەکەی بۆ چاك ئەکرێتەوە کە هەڵەی کردووە بە نووسین لەسەر تەختە ڕەش.

٢- مامۆستاکەیان لە ناوەڕاستی بازنەکەدا دائەنیشێت و چاودێریان ئەکات، وە هەرکاتێك قوتابییەکە چارەگێکی (ربع)بە تەواوی خوێندەوە، ئەوا ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، پاشان قوتابییەکی تر دێت، تاکو مامۆستاکەیان بۆ هەموویان ڕاست ئەکاتەوە.

٣- بەم شێوازە بەردەوام دەبن هەتا(دووکاتژمێر)، وە دانیشتنەکەیان لەسەر لاکێشە (حصیر)وە دانیشتن لەسەر لاکێش ماندووبوونە و هەندێك جار لەسەر (لم)ە (الرمل) هەر وەکو خۆم بینیومە، چونکە قوتابییەکە سەرقاڵ نەبێت یان بیر لە شتێك بکاتەوە.

٤- گەر هەندێك دەنگیان بەرز کەنەوە ئاساییە، چونکە گورج دەبنەوە.

٥- پاش کاتژمێرێك سوورِخواردنەوە، مامۆستاکەیان دایان ئەنیشێنێت و ئەوەی لەبەریان کردوە لەبەر ئەیڵێن بۆ مامۆستاکەیان.

ئەم سوورِخواردنەوەیە سوودێکی زۆری هەیە: لەوانە خوێنی سوڕ ئەخواتەوە و ئەندامەکانی دڵی گورج ئەبێتەوە و بەشەکانی تری لاشەش، پێویستە تێبینی بکرێت بۆ ئەم سوورِخواردنەوەیە، کە بە پەلە نەبێت و بازنەکەش گەورە بێت، تاوەکو قوتابی تووشی سەرسووڕمان نەبێت.



**تەواوکار (تَتِمّة)**: ئەو خواردنانەی کە یارمەتی دەرن بۆ لەبەرکردن.

لە کۆتاییدا چەند بۆچوونێکی زانایان باس ئەکەم دەربارەی ئەو خواردنانەی یارمەتی دەرن بۆ لەبەرکردن،

(الزهري) ئەفەرموێت: خواردنی هەنگوین زۆر چاکە بۆ لەبەرکردن [1]، وە هەنگوین دەرمانی نەخۆشیە بۆ خەڵکی بە بەڵگەی قورئانی پیرۆز، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت: ﴿ يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ ﴾ (النحل:٦٩) واتە: لە نێو سکیی مێشهەنگەکاند خواردنەوەیەکی هەنگوینی نایاب و هەمەڕەنگ دێتە دەرێ،شفای گەلێ نەخۆشیی تێدایە بۆ مەردم.

ئاساییە یە ئەگەر هەنگوین بەکار بهێنیت لە جیاتی شەکر لە خواردنەوەی ساردەمەنی و گەرمی وەکو(چای)و شتی تر وە ئەگەر خۆت لە سەری ڕاهێنا ئەوە زۆر بە تام و خۆشە. وە هەندێکیان ئامۆژگاری ئەکەن بە شێوازێکی تاقیکراو، ئەویش ئەوەیە: پونگە (نەعناع) بکوڵێنە لە جیاتی چای، پاشان چەند دڵۆپێك لە ڕۆنی ڕەشکە (حبة السوداء)و کەوچکێك هەنگوینی چاك بکەرە ناوی، پاشان بەیانیان بیخۆرەوە، هەست ئەکەیت لەو ڕۆژەدا مێشك و هۆشت زۆر پاك و ڕۆشنە، هەروەها هەست بە گورجیەك ئەکەیت لە لاشەتدا، وە شەکرەشت بەرز نابێتەوە إنشاءالله [2].

وە تێکەڵ کردنی هەنگوین و ڕەشکە زۆر بە سوودە بۆ باش بوونی دەنگ و لادانی بەڵغەم وەکو شارەزایانی هەنگوین پێمیان ڕاگەیاند،بەڵام بە مەرجێك ئەو تێکەڵ بوونە گونجاو بێت واتە:نە کەم و نە زۆر بێت.

(١) الجامع لأخلاق الراوي و آداب السامع للخطيب البغدادي: (٢/٢١٧).

(٢) أنظر لمزيد من الاطلاع(معجزة الاستشفاء بالعسل د.حسان شمسي باشا:٢١٥).

(الهاشمي) ئەفەرموێت: هەر کەسێك پێی خۆشە فەرموودە لەبەرکات ئەوە (مێوژ) بخوات [1].

وە شێخەکەمان (نايف العباس) ڕەحمەتی خوای لێ بێت [2] هەموو ڕۆژێك بەیانیان (٢١) مێوژی پاکی ئەخوارد بۆیە زۆر باش بوو بۆ لەبەرکردن و هانیشمانی ئەدا کە بیخۆین.

باوکم [3] (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێی ئەوتم: خواردنی مێوژ بیر و هۆش و مێشك بە هێز ئەکات، بە تایبەتی مێوژی خەنەیی واتە: سوور و زەرد.

پیاوێك هات بۆ لای (ئیمام عەلی) {ڕەزای خوای لێ بێت} وتی: شتم لە یاد ئەچێتەوە [4]، ئەویش فەرمووی:ماستی مانگا بخۆ، چونکە دڵ گورج ئەکاتەوە و لە بیرچوون لا ئەبات، هەروەها فەرمووی: هەنار بخۆن چونکە گەدە (**المعدة**) گەورە ئەکاتەوە یان گورجی ئەکاتەوە [5].

لەو دەرمانە بەسوودانە: خواردنەوەی ئاوی (زەمزەم)ە، وەکو پێغەمبەر ﷺئەفەرموێت: (مَاءُ زَمْزَمَ لِمَا شُرِبَ لَهُ) [6] ، واتە:ئاوی زەمزەم بەهەر مەبەستێك بیخۆیتەوە خوای گەورە (إنشاءالله) قبوولّی ئەکات.

---

(١) الجامع لأخلاق الراوي و آداب السامع للخطيب البغدادي: (٢/٢١٧).

(٢) یەکێکە لە زانا بەرزەکانی (حوران) پاشان چوو بۆ میسر وانەی لای شێخ علی الدقر خوێندوە ماوەیەکی زۆر لە دیمەشق وانەی وتۆتەوە ساڵی١٤٠٧ کۆچی وەفاتی کردووە.

(٣) عبدالرزاق بن إبراهيم الغوثاني١٩٨٣ ز کۆچی دوایی کردووە وە یەکەم کەس بوو کە (علم القراءات) ی فێر کردم.

(٤) الجامع لأخلاق الراوي و آداب السامع للخطيب البغدادي: (٢/٢١٧).

(٥) الجامع لأخلاق الراوي و آداب السامع للخطيب البغدادي: (٢/٢١٨).

(٦) صحيح: روي من طرق كثير.



زۆر لە(سەلەفی صالّح) ئاوی زەمزەمیان خواردوە بە نیازی جیا جیا، وە خوای گەورە وەڵامیانی داوەتەوە.

وتراوە کە (**الحافظ إبن حجر العسقلاني**) ئاوی (زەمزەم)ی خوارد بە نیازی ئەوەی کە خوای گەورە بیکات بە زانای فەرموودە(**المُحدِث**) وەکو ئیمامی(**الذهبي**)، پاشان دوای ئەو ئیمامی (**السيوطي**) هات و ئاوی (زەمزەم)ی خوارد بە نیازی ئەوەی بگاتە (فقه) بە پلەی (سراج الدين البلقيني) وە لە فەرموودەشدا بە پلەی (**الحافظ إبن حجر العسقلاني**)[1] .

وە (**الحافظ السخاوي**) لە ژیاننامەی (إبن الجزري)دا ئەفەرموێت: باوکی بازرگان بوو (٤٠) ساڵ خوای گەورە منداڵی پێ نەبەخشی بوو، پاشان حەجی کرد و لەوێ ئاوی (زەمزەم) ی خوارد بە نیازی ئەوەی خوای گەورە منداڵێکی زانای پێ ببەخشێت، ئەوە بوو لە پاش نوێژی تراويح خوای گەورە (**محمد الجزري**) پێ بەخشی.

(**إبن الجزري**) یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکان بە تایبەتی لە زانستی قورئان خوێندن (**علم القراءات**).

ئەی برای موسڵمان ئەگەر ئەناڵێنی بەدەستی ئەوەی کە شتت بۆ لەبەر ناکرێت و قورسە ئەوە ئەو دەرمانەی پێغەمبەر ﷺ تاقیکەرەوە بە نیازێکی پاك و دوور لە ڕیا، وە زۆر لە خەڵکی بەکاریان هێنا و خوای گەورە ئامانجەکانیانی هێناوەتە دی.

---

(١) أنظر مقدمة (تدريب الراوي:١٢).

هەروەها لەو خواردنە بە سوودانەی تر(ماسی برژاو) دکتۆر (حسان شمسی باشا) پێی ڕاگەیاندم کە ڤیتامین هەیە لە ماسیدا مێشك بە هێز دەكات [١].

بە گشتی زۆر خواردن مێشك لاواز دەكات و بیرو هۆش خاو دەكاتەوە.

وە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: (ما ملأ إبن آدم وعاءً شراً من بطنٍ، حسبُ ابن آدم أكلاتٌ يقمن صلبَه،فان كان لامحالة فثلثاً طعاماً،وثلثاً شراباً،و ثلثاً لنفسه)[٢]. واتە: خرابترین شت ئەوەیە کە نەوەی ئادەم سکی پڕکات لە خواردن، بەسە بۆ نەوەی ئادەم چەند پارویەك نان بخوات بۆ ئەوەی پشتی ڕاست بێتەوە، واتە: زۆر نەخۆر بێت،ئەگەر زاڵ نەبوو بە سەر خۆیدا ئەوە گەدەی بكاتە سێ بەشەوە، بەشێكی بۆ خواردن و بەشێكی بۆ خواردنەوە و بە شێكی بۆ هەناسە.

(الخطيب البغدادي) ئەفەرموێت: كاتی برسی بوون باشترە لە كاتی تێر بووندا بۆ لەبەركردن، بەڵام جاری وا هەیە كە برسیت ئەبێ ناتوانیت شت لەبەر كەیت ئەوكاتە شتێكی سووك بخۆ بۆ ئەوەیە بتوانیت لەبەركردنەكەت بەتەواوی ئەنجام بدەیت[٣].

هەروەها (إبن جماعة) ئەفەرموێت: (زۆر خواردن زۆر خواردنەوە ڕائەكێشێت،واتە:ئەو كاتە ئاو زۆر ئەخۆیتەوە،وە زۆر خواردنەوەش خەوی لەدواوەیە[٤].

---

(١) أنظر كتابه (الاسرار الطبية الحديثة في السمك والحوت:٨٤).

(٢) صحيح: رواه الترمذي ( ٣ / ٣٧٨ )وقال حسن صحيح، والإمام أحمد(١٣٢/٤).

(٣) (الحث على حفظ الحديث:١٤٨).

(٤) (تذكرة السامع:٧٤).

# بەشی چوارەم

## دووبارەكردنەوە لەنێوان یەكتردا

## ( المراجعة والمدارسة وتثبيت المحفوظ )

# بەشی چوارەم

## دووبارەکردنەوە لەنێوان یەکتردا

ئەگەر خوای گەورە پێی بەخشیت هەموو قورئان لەبەر کەیت، ئەوە نیعمەتێکی گەورەیە لە لایەن خوای گەورەوە، وە بزانە کە تۆ یەکێکی لەوانەی کە ئەم ئەمانەتەت هەڵگرتووە، بۆیە وریا بە خاونەبیتەوە و کەم تەرخەمی لێ بکەیت و کەم دووبارەی بکەیتەوە، وانەزانیت دووبارەکردنەوە لە دوای ئەوەیە کە هەموو قورئان لەبەرکەیت، بەڵکو ئەبێت لە یەکەم جارەوە کە قورئان لەبەرکەیت کاتەکەت بکەیت بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆ لەبەرکردن و بەشێکی تری بۆ دووبارەکردنەوە، وە ئەو فەرموودەیەت لا نادیار نەبێت کە پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێت:( تَعَاهَدُوا هَـذَا الْقُـرْآنَ فَوَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَهُوَ أَشَدُّ تَفَلُّتًا مِنْ الْإِبِلِ فِي عُقُلِهَا)[1]، واتە:بەردەوام ئەم قورئان دووبارەکەرەوە و لەگەڵیدا بە سوێند بەوەی نەفسی موحەممەدیﷺ بە دەستە وەکو چۆن حوشترێك لە دەست دەرئەچێت و بە ئاسانی ناگیرێتەوە، هەروەها قورئانەکەش کە لە یاد چووەوە بە ئاسانی لەبەر ناکرێت.

وە لە (جعفر الصادق)ەوە هاتووە ئەفەرموێت:( القلوب تُرب، والعلم غَرسها، والمذاكرة ماؤها، فإذا انقطع عن التراب ماؤها جَفَّ غَرْسها)[2] واتە: دڵەکان خۆڵن، زانست ڕواندنەکەیەتی، دووبارەکردنەوە ئاوەکەیەتی، ئەگەر ئاوەکە بڕا لە خۆڵەکە ئەوا چاندنەکە وشك ئەبێتەوە.

دووبارەکردنەوە چەند ڕێگاو شێوازێکی جیاجیای هەیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە،چەند شێوازێك باس ئەکەم بە کورتی إنشاءالله:

**<u>دووبارەکردنەوە بە گشتی دوو جۆرە: یەك کەسی یان دوو کەسی</u>**

---

(١) صحيح: رواه مسلم برقم (١٣١٧) (٤/٢٠٢).

(٢) أنظر الحث على حفظ الحديث للخطيب البغدادي: (٢٠٠).



**<u>هەریەکێك لەم دوو جۆرە شێوازی خۆی هەیە:</u>**

**یەکەم/ دووبارەکردنەوەی یەك کەسی** (المراجعة الفردية):

ئەوەیە کە قورئان لەبەرکەر پشت بەخۆی ببەستێت لە کاتی دووبارەکردنەوەدا، وە پێویستە بەرنامەیەکی ڕۆژانە بۆ خۆی دابنێت کە لەگەڵ پیشەو کاتەکانیدا بگونجێت، وە چەند شێواز و وێنەیەکی هەیە:

شێوەی یەکەم: دیاری کردنی قورئانی پیرۆز

ئەمەش باشترین و چاکترینیانە، ئەوەیە کە ڕۆژانە پێنج بەش (جـزء) دووبارە بکاتەوە، وە لە شەش ڕۆژدا خەتمەیەك بکات، بۆیە وتراوە: هەرکەسێك بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەی پێنج جـزء ئەوە بە هیچ شێوەیەك لە یادی ناچێتەوە إنشاءالله.

شێوەی دووەم: دابەش کردنی قورئانی پیرۆز بۆ حەوت بەش (١/٧) یەك لەسەر حەوت (السُبع)، وە پێی ئەوترێت شێوازی (فمي بشوق) واتە: دابەش کردنی قورئانی پیرۆز لە سەر هەفتەیەك.

واتە: دابەشکردنی قورئانی پیرۆز بۆ حەوت بەش، ئەمەش لای پێشین (السلف) ناسراوە.

(إبن الجماعة) ئەفەرموێت: خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز هەموو حەوت ڕۆژ جارێك شتێکی باشە یان ویردێکی باشە (وِردٌ حسن) **لە** فەرموودەدا هاتووە (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) ئیشی پێ کردووە[1].

ئەمەش بە دابەشکردنی قورئانی پیرۆز لە سەر هەفتەیەك وای لێ دێت کە هەموو هەینییەك خەتمەیەکی قورئانت هەبێت، دابەشکردنەکەش بەم شێوەیەیە:

---

(١) (تذكرة السامع والمتكلم لابن جماعة:٢٢).

| ڕۆژ | حەوت یەك | سورەتی دیاری کراو | لاپەڕەکان | ژمارەیان |
|---|---|---|---|---|
| شەممە | یەکەم | لە سورەتی (البقرة) هەتا سورەتی (المائدة) | ١-١٠٦ | ١٠٦ |
| یەك شەممە | دووەم | لە سورەتی (المائدة) هەتا سورەتی (یونس) | ١٠٧-٢٠٧ | ١٠١ |
| دوو شەممە | سێیەم | لە سورەتی (یونس) هەتا سورەتی (الإسراء) | ٢٠٨-٢٨١ | ٧٣ |
| سێ شەممە | چوارەم | لە سورەتی (الإسراء) هەتا سورەتی (الشعراء) | ٢٨٢-٣٦٦ | ٨٤ |
| چوار شەممە | پێنجەم | لە سورەتی (الشعراء) هەتا سورەتی (الصافات) | ٣٦٧-٤٤٥ | ٧٨ |
| پێنج شەممە | شەشەم | لە سورەتی (الصافات) هەتا سورەتی (ق) | ٤٤٦-٥١٧ | ٧١ |
| هەینی | حەوتەم | لە سورەتی (ق) هەتا کۆتایی و خەتمە | ٥١٨-٦٠٤ | ٨٦ |

پاشان خەتمەی دووەم دەست پێ ئەکات کە لە دوای ئەوەوە دێت، ئەم شێوازە بەردەوام و بڵاوە لە وڵاتی (مۆریتانیا) بۆیە ئەبینی لەبەرکردنیان زۆر بەهێزە.



ئامۆژگاری ئەو برایانە ئەکەم کە ئێستا بەم شێوەیە خەتمە ئەکەن، با بەردەوام بن لە سەر خەتمەکەیان پاش شەش مانگ ئەوکاتە لەبەرکردنێکی بە هێز بەدەست ئەهێنن.

**شێوەی سێیەم:** خەتمەیەکی قورئان لە ماوەی (**دە**) ڕۆژدا:

ئەمەش ئەوەیە کە ڕۆژانە (**سێ**) جزو دووبارە ئەکەیتەوە، ماوەی (١٠) ڕۆژ خەتمەیەکی قورئان ئەکەیت، وای لێ دێت کە هەموو مانگێك (سێ) جار خەتمەت کردووە، وە لە ساڵێکدا ئەکاتە (٣٣) خەتمە.

**شێوەی چوارەم:** شێوەی دیاریکردن و دووبارەکردنەوە:

ئەوەیە کە هەموو هەفتەیەك (سێ جزء) دووبارەکەیتەوە بۆ نموونە ڕۆژی شەممە دەست پێ ئەکەیت و ڕۆژی هەینی کۆتایی پێ دێنیت، وای لێ دێت کە (حەوت) جار بە سەر (سێ جزء)ە کەدا هاتووی، پاشان دەست دەکەیت بە(سێ جزء)ی تر، وای لێ دێت کە هەموو قورئانت لە ( ١٠ ڕۆژ)دا خەتم کردووە.

**شێوەی پێنجەم:** دووبارەکردنەوەی دوو خەتمە پێکەوە:

ئەویش پێکهاتووە لە شێوەی سێیەم و چوارەم، بۆیە دەست ئەکەیت بە دوو خەتمە پێکەوە: خەتمەی یەکەم هەموو ڕۆژێك (**دوو** جزء) دووبارە ئەکەیتەوە، لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا لە سەر یەك دووبارەی ئەکەیتەوە، لە هەفتەی دووەم دا ئەچیت بۆ (دوو جزئی) تر، واتە:مانگی ئەکاتە (هەشت جزء).

خەتمەی دووەم: هەموو ڕۆژێك جزئێکی تازە ئەخوێنیت، وای لێ دێت خوێندنەوەکەت ڕۆژانە بە بەردەوامی (سی جزء)ە، وە مانگانە خەتمەیەکی تەواوە، لەگەڵ ئەوەشدا (هەشت جزء) دووبارە ئەکەیتەوە زۆر بە باشی.

ئەم شێوەیە ئاراستە ئەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی خاوبوونەوەیەکی دوور و درێژ بوونە لە دووبارە کردنەوەی قورئانی پیرۆز.

شێوەی شەشەم: هەموو مانگێك تـەنها یـەك خەتمـە: ئـەویش ڕۆژانـە جزئێك دووبـارە کەیتەوە، لە مـاوەی مانگێـك قورئـان خـەتم ئەکـەیت، نابێت قورئـان لەبەرکـەر لـەم پلەیە زیاتر دابەزێت، بۆیە هەندێك ئەڵێن ئەمە پلەی تەمبەڵانە.

شێوەی حەوتەم: دووبارەکردنەوە لە کاتی نوێژەکاندا: کاتەکانیشی زۆرە:

لەوانە: شەو نوێژ کە زۆر بە سوودە و تاقیکراوەیە، چونکە دڵ تێیدا ئارامە.

شێخ (عبدالفتاح المرصفي)[1] {ڕەحمەتی خوای لێ بێت} هـەموو ڕۆژێـك (١١) ڕکـات نوێژی ئەکرد و (سێ جزئی) تێدا ئەخوێند.

شێخ (فتحُ محمد بانِي بَتِي)[2] شێخی قورئان خوێنی پاکستانی هەموو ڕۆژێك لـە شـەو نوێژدا(١٠) جزئی ئەخوێند.

هەروەها خوێندنی قورئان لە نوێژی تەراویح دا هەلێکە بۆ دووبارەکردنەوە.

هەروەها قورئان خوێندن لە نوێژە سونەتەکاندا، هەر یەك لە ئێمە بە زۆری سـورەتە بـچوکەکان ئـەخوێنێت لـە نوێـژی سـونەتدا، بـەڵام ئەگـەر زانیمـان ڕۆژانـە کـەمترین شت(١٦) نوێژی سونەت ئەکەین، وە نیو لاپەڕە قورئـانی تێدا ئـەخوێنین، ئەوکاتـە نیو جزء دووبارە ئەکرێتەوە.

---

(١) قورئان خوێن (الشيخ عبدالفتاح المرصفي) زانای ئەزهەر، لە پەیمانگای خوێندن قورئانی تەواو کردوە، هەروەها (القراءات العشر)ەی لە ڕێگـەی (الشاطبية والــدرّة و الطيبـــة)ەوە لای زۆربـەی مامۆسـتاکان تـەواو کـردووە تـاوەکو بـوە یـەکێك کـە زۆر بـە جـوانی قورئـان ئەخوێنێتەوە.

(٢) قورئان خوێن (الشيخ فتح محمد بن إسماعيل باني بتي) مامۆستای قورئان خوێنەکان لـە وڵاتـی (پاکستان) قورئانی لەبەر کرد هێشتا منداڵ بوو، پاشان (القراءات العشر)ەی کـۆکردەوە لە ڕێگەی (الشاطبية والدرّة و الطيبة) لە سەر دەستی قورئـان خوێنـد(الشيخ إبو محمد محي الاسلام) و (الشيخ شير محمد شـــرواني)وە چـەندین کتێبـی هەیـە دەربـارەی (القـــراءات العشر)ە.



شێوەی هەشتەم: دووبارەکردنەوە بە گوێگرتن لە کاسێتی تۆمارکراو:

پشت بەستن بە کاسێتی قورئان لەبەران کە بەناوبانگن، ئەویش بەم شێوازە ئەبێت: کاسـێتێك لەگـەڵ خـۆت هـەڵگرە ئەوکاتـەی کـە ئەچیت بـۆ سـەر کارەکـەت و لـەناو ئۆتۆمبێلەکـە گـوێی لێ بگـرە، یـان پـێش نووسـتن بـە مـەرجێك گـوێ گرتنـت لـە قورئانەکە بە (حدر) بێت، حەدریش جۆرێکە لـە شـێوازی خوێندنـەوەی قورئـان لـە تەجویدا و تۆزێك خێرایی تێدایە.

---

## دووەم/ دووبـارەکردنەوەی دوو کەسی (المراجعة الثنائية)

ئەوەیـە کـە دووبارەکردنـەوە لەگـەڵ یـەکێکی تـر ئـەنجام بـدرێت، باشـتر وایـە ئـەو کەسـەی تـر مامۆسـتایەکی شـارەزا بێـت بـۆ ئـەوەی چـاودێریت بکـات لـە کـاتی لەبەرکردن و دووبارەکردنەوەدا، ئەگەر نـەبوو ئـەوە برادەرێکـی چـاك هەڵبـژێرە، وە چەند شێوەیەکی هەیە دەست نیشانی ئەکەم.

شێوەی یەکەم: خوێندنەوەی قوتابی بەرامبەر مامۆستا

دووبارەکردنەوەی ئەو ئایەتانەی پێشو کە لە بەری بووە، ئەمەش بۆ ئـەو کەسـانەیە کە تازە قورئان لە بەر ئەکەن، بۆیە پێویستە لەسەر قوتابی ڕۆژانە بۆ مامۆسـتاکەی بیخوێنێتەوە و پاشان وانەی تازە وەربگرێت کـە مامۆسـتاکەی بـۆی دیـاری ئـەکات، وە ئەگــەر مامۆســتاکەی بینــی قوتابییەکــە زۆرباشــە لــە دووبــارە کردنــەوەی سورەتەکانی پێشوو ئەوە ئە چێتە سـەر سـورەتێکی تـازە، ئەگـەر بـاش دووبـارەی نـەکردەوە ئـەوە ئـەبێ لـەڕۆژی دووەم دووبـارەی کاتـەوە، وە نابێـت مامۆسـتاکەی ڕازی بێت لەوقوتابیەی کە بە تەواوی دووبارەی نەکاتەوە وبە بێ هەڵە .

شێوەی دووەم: دووبارەکردنەوە لەنێوان یەکتردا (المُدارسة والتكرار)

یادکردنــەوەی قورئــانی پــیرۆز هــەموو ڕۆژێــك لــە گــەڵ برادەرێکـت دا لــە ســەر دووبارەکردنەوەی سورەتەکان، لە گەڵ ئەوەشدا لاپەڕەی یەکـەم بـەجێ بهێڵـە و لـە

ڕۆژی دووەمدا لاپەڕەیەکی تـازە بگـۆڕە بـەو سـورەتەی کـە دوای ئـەوەی تـر دێـت، هەروەها هەرکاتێك لاپەڕەیەکی تازەت زیاد کرد ئەوکاتە ئەوانەی پێشووت دووبـارە کردۆتەوە، بەم شێوازە لاپەڕەیەکی زۆر دووبار ئەکەیتەوە.

شێوەی سێیەم: (**ئیمامی بوخاری**) لە (**عائیشەوە**) گێڕاوێتیوە ئەویش لە (فاطمة)ەوە گێڕاوێتیوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئەفـەرموێت: أَسَرَّ إِلَيَّ النَّبِيُّ – صـــلى الله عليـــه وسلم – ( أَنَّ جِبْرِيلَ كَانَ يُعَارِضُنِي بِالْقُرْآنِ كُلَّ سَنَةٍ ، وَإِنَّهُ عَارَضَنِي الْعَامَ مَرَّتَيْنِ، وَلاَ أُرَاهُ إِلاَّ حَضَرَ أَجَلِي )[1].

واتـە: پێغەمبـەرﷺ شـتێکی پـێم گـووت بـە نهێنـی، کـە وا جیبرائیـل هـەموو سـاڵێك ڕووبەڕووم ئەبوەوە و قورئانی بۆم ئەخوێندەوە و فێری ئەکردم، بـەڵام ئەمـساڵ دوو جار دووبارە بوەوە، وە من هیچ نابینم تەنها ئەوە نەبێت مردنم نزیك بۆتەوە.

ئەم فەرموودەیە چەند سوودێکی هەیە، بەڵام جێی ئـەوە نییـە کـە زۆر درێـژەی پـێ بدەین، بەڵام ئەوەی کـە مەبەسـتمانە لێـرە ڕووبـە ڕوو بوونـەوەی جبرائیـل (ڕەزای خوای لێ بێت) واتە:ڕووبەڕوو بوونەوە و خوێندنەوەی قورئـان لـە نێوانیانـدا تـاوەکو ئەو ئایەتانەی ماوە لە سینگیدا بمێنێت و ئەوەی ڕۆیشتووە نەسخ بێتەوە، بۆ دڵنیـا کردن و لەبەرکردنی بە تەواوی، بۆیە ڕووبە ڕوو بوونەوەکەی ساڵی کۆتایی دوو جار بوو وەکو ( إبن کثیر) فەرمووی[2].

بۆیە لە ڕۆشنایی ئەمەدا ئەڵێم: ئەم شێوازە گونجاوە بۆ قورئان لەبەرکـەرەکان زیـاد لەوانی تر.

ئەگـەر خـوای گـەورە لەبـەرکردنێکی تـەواو و چـاکی پێـت بەخـشی،ئەگـەر چـەند جزئێکیش بێت ئەوە لەسەر ئەم هەنگاوانە پابەند بە:

(١) صحيح: رواه البخاري(٦/٢٢٩).

(٢) فضائل القرآنل لابن كثير:(٧٤).



١– لە گەڵ یەکێك لە برادەرەکانت ڕێك بکەوە بۆ ڕووبەڕوونەوە(المعارضة)کە پێکـەوە قورئان بخوێنن، ئەوەش لە ساڵانە یان مانگانە یان هەفتانـە یـان ڕۆژانـە ئـەنجام ئەدرێت، وە باشتر وایە ڕۆژانە بێت،بۆ نموونە دەست بکە بە خەتمـەی سـورەتی (البقرة) بە مەرجێك یەکێکیان روبعـی حیزبـی یەکـەم بخوێنێـت (ربـع الحـزب الاول) دووەم کەسـیش گوێڕایـەڵی و چـاودێری ئـەکات، پاشـان دووەم کـەس ڕوبعی دووەم ئەخوێنێت، هەروەها بە ڕیز تاوەکو کۆتایی جزئی یەکەم.

٢– پاشان شێوەکە بە پێچەوانەوە ئەنجام بدرێت، واتە: دووەم کەس ڕوبعـی یەکـەم ئەخوێنێت.

٣– لە کۆتایی دانیشتنەکەدا یەکێکیان پرسیار ئاڕاستەی ئەویتریان بکات، وە باشـتر وایە پرسیارەکان لە ناو ئایەتەکان بێت و لە کۆتایی لاپەڕەکەوە بێت.

٤– پاشان دووەم کەس بە هەمان شێوە بیخوێنێتەوە، ئەگەر هەردوولا لە سـەر ئـەم شێوازە بەردەوام بن و دانەبڕێن ئەو کاتە قورئانی پیرۆز بە تـەواوی ئەچەسـپێت لەدڵیاندا إنشاءالله.

٥– ئەم شێوەیە ناوی لێ ئەنێین وانە خوێندن پێکەوە(المُدارسة)، بۆیە سـەلمێندراوە لـە تاقیکردنەوەکانـدا، ئـەم شـێوازە زۆر باشـە و سـەرکەوتوو بـووە و بـە چـەند شێوەیەك ئیشی پێ ئەکرێت:

لەوانـە: مامۆسـتا ڕاسـپێرێت بـەو قوتابیانـەی کـە زۆر باشـن کـەوا خوێنـدن بـە قوتابییەکانی تر بڵێن هەریەك جزئی برادەرەکەی کـە خوێندوویـەتی ڕۆژانـە تۆمـاری کات لە گەڵ ژمارەی هەڵەکان.

هەروەها لەوانـە:مامۆسـتا لـە گـەڵ قوتابییـەکانی بـە کـۆ بیـان خـوێنێ، هەریـەکیان (ربع)ێك بخوێنن بە ڕیز، یان هەر یەکێکیان کاتێکی دیاریکراوی هەبێت.

**تێبینی:**

زۆر لەوانەی کە قورئان لەبەر ئەکەن وا گومان ئەبەن کە دووبارەکردنەوە دەست پێ ناکات تەنها لە کۆتاییدا نەبێت و دوای ئەوەی هەموو قورئان لەبەرکەیت، ئەمەش هەڵەیە، بۆیە دووبارەکردنەوە لە یەکەم وانەوە دەست پێ ئەکات.

پێویستە دووبارەکردنەوە دوو جار زیاتر بێت لە(لەبەرکردن).

بۆیە دروشمی قوتابی (شعار الطالب) کەم بێت بۆ لەبەرکردن لەوەی کە زۆرتر بێت، هەروەها قوتابی ئامادەبێت بۆ خوێندنەوە هەرکاتێك کە داوای لێ بکرێت.

**هەندێك شێوازی سەیر لە دووبارەکردنەوە**

هەندێك شێوەی سەیر و سەمەرم خوێندەوە لە کاتی دووبارەکردنەوەدا پێم خۆش بوو باسی کەم بۆ قورئان خوێنەکان لە ڕووی زانیارییەوە،نەك لە ڕووی ئەوەی پشتی پێ ببەستی:

دووبارەکردنەوەی بازنەیی: ئەمەش هەندێك لە مامۆستای وڵاتی (صۆماڵ) پێمیان ڕاگەیاند کە ئەم شێوازە بڵاوە لە ناویاندا تاوەکو ئەمڕۆ، ئەویش ئەوەیە: کۆمەڵێك کۆ ئەبنەوە لە قورئان لەبەرەکان بە شێوەی بازنەیی، پاشان یەکێکیان ئایەتێك ئەخوێنێت لە بەر لە هەر سورەتێك بێت، وە دووەم کەس ئایەتی دووەم ئەخوێنێت، پاشان بێ دەنگ ئەبێت و سێیەم کەس بەردەوام ئەبێت.... هەروەها هەریەك لەوانە یەك ئایەتێك بخوێنێت، ئەمە سوودێکی تێدایە لەگەڵ ئەوەی ڕەچاوی ئەم تێبینیانە بکەیت:

١- هەموویان بە نهێنی بیخوێنن، پاشان کە سەرەی یەکێکیان هات دەنگی بەرز بکاتەوە تاوەکو خوێندنەکەی نەپچڕێت.

٢- سوودێکی زۆر گەورەی هەیە ئەوەش ئەوەیە کە هەموویان سورەتەکەیان ئامادە کردووە، وە ئەم شێوازەم بینی هەر یەك لەم وڵاتانە (بۆسنە و هەرسك).



**گوێگرتنی مامۆستا زیاتر لە یەك قوتابی لە یەك کاتدا**

مامۆستاکە گوێ لە سێ یان چوار قوتابی پێکەوە ئەگرێت لە کاتی دووبارەکردنەوەدا، هەموویان پێکەوە ئەیخوێنن، وە هەریەکێکیان دووبارەکردنەوەکەی جیاوازە لەویتر، وە بە دەنگێکی مام ناوەندی مامۆستاکە گوێ لە هەموویان ئەگرێت و بە بێ تێکەڵ بوون، وە هەڵەکانیشیان بۆ ڕاست ئەکاتەوە،چونکە مامۆستاکەیان لەبەرکردنێکی چاکی هەیە و لە هەمان کاتدا شارەزایەکی دوور و درێژی هەیە دەربارەی قوتابییەکانی.

ئەم شێوازەم بینی لە وڵاتی(پاکستان)، بەڵام ئەم شێوازە ناگونجێت بۆ ئەوەی مۆڵەت (إجازة) بدرێتە قوتابی،چونکە مۆڵەت پێدان ئەبێ ئەو مامۆستایە ئایەت ئایەت گوێ بیستی قوتابییەکەی بێت تاوەکو هیچ پیت و وشەیەکی لە کیس نەچێت،وە خەتمەی (إجازة) ئەبێ بە (تەرتیل و تەجویدێکی)باش بێت.

# بەشی پێنجەم

## وەسێت و ئامۆژگاری

## ئەمەش پێکهاتووە لە دوو باس:

## باسی یەکەم: وەسێت و ئامۆژگاری تایبەت بۆ ئەوانەی کە هەموو قورئانی پیرۆزیان لە بەرکردووە.

## باسی دووەم: وەسێت و ئامۆژگاری گشتی بۆ ئەوانەی کە قورئان لەبەر ئەکەن.



### باسی یەکەم

وەسێت و ئامۆژگاری تایبەت بەوانەی کە هەموو قورئانی پیرۆزیان لە بەرکردووە پاش ئەوەی خوای گەورە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزی پێت بەخشی ڕەچاوی ئەم وەسێتانە بکە:

١- بەدوای مامۆستایەکی شارەزای مۆڵەت پێدراودا بگەڕێ ( شـــیخ مجـــاز)وە بە سەنەدێکی بەرزەوە بگاتە پێغەمبەرﷺ وە گوێ بیستت بێ لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی قورئانەکە لە بەر و بە تەجویدەوە بیخوێنیت بۆی بە ڕیوایەتی (حفصی کوڕی عاصم) بۆیە وریا بە تەنها لەبەری نەکەیت یان لە قوتابخانە.

وە هەرکەسێك قورئانی لەبەرکرد و لای مامۆستایەکی شارەزای مۆڵەت پێدراو نەیخوێند کە سەنەدی هەیە ئەوە لەبەرکردنەکەی ناتەواوە، وە مەبەست لە شارەزا واتە: بەئەحکامی (تجوید و مخارج و صفات).

مۆڵەت پێدراو:ئەوەیە کە (مجاز) بێت لە لایەن مامۆستاکەی کە بخوێنێت لای .

و(السند) بریتییە لەو زنجیرە مامۆستا قورئان خوێنانەی کە قورئانیان گەیاندووە بە ئێمە لە ڕێگەی ئەوانەوە، وە ئەوان بە زنجیرە ئەگەنە پێغەمبەری خواﷺ تا وەکو ئەم سەدەی ئێمە سوپاس بۆ خوای گەورە .

٢- پاش ئەوەی هەموو قورئانت خوێند لای مامۆستاکەت و مۆڵەتت وەرگرت (إجازة) ئاساییە بەدوای مامۆستایەکی تر بگەڕێیت کە سەنەدەکەی بەرزتر بێت.

٣- کەمترین شت (متن الجزرية) لەبەرکەیت لە تەجویدا، وە ئەگەر توانات زیاتر بوو ئەوە(الشاطبية) لەبەرکە لە (علم القراءات) کە بریتییە لە شیعرێکی جوان.

٤- پێویستە لە سەرت زۆر گرنگی بدەی بە دووبارەکردنەوە بە تایبەتی لە یەکەم قۆناغی خەتمەی قورئانی پیرۆز.

٥– هـەوڵ دە شـەو نوێـژ زۆر بکـەیت چـونکە زۆر بەسـوودە و زیـاتر بـچەسپێت لـە سینگدا.

٦– هەروەها گرنگی بدە بـە نوێـژی تـەراویح تـاوەکو خوێندنـەوەی قورئانـت باشـتر بێت بە تایبەتی لە ناو(میحراب)دا.

٧– لەماوەی جارێکدا ئەو ئایەتانەی کە لە کۆتایی سورەتەکانە، دووبارەی کـەرەوە بـۆ ئـەوەی لەبەرکردنەکـەت بـە هێـز بێـت، چـونکە زۆربـەی خـەڵکی کۆتـایی سورەتەکانیان زوو لە یاد ئەچێتەوە.

٨– هەوڵ دە لە کاتی دووبارەکردنەوەدا بایەخ بە واتای ئایەتـەکان بـدە بـۆ ئـەوەی زیاتر لەبەرکردنەکەت بە هێز بێت.

٩– چاپێکی قورئان بخەرە گیرفانت و بـە هـیچ شـێوەیەك لێـت دانـەبڕێت، چـونکە قورئان تاکە برادەرە کە برادەرێتی بپارێزیت، هەروەها بایەخ بە یەك چاپ بدە و بـە هیچ شێوەیەك نەیگۆڕیت.

١٠– هەوڵ بدە لە کاتی خوێندن لای مامۆستاکەت دەفتەرێك لە گەڵ خـۆت بـەرە و هەرچی ئامۆژگاری و شتی بە سوود هەیە بینووسە، چونکە لە ئاڵتوون بە نرخترە.



## باسی دووەم

وەسێت و ئامۆژگاری گشتی بۆ قورئان خوێنەکان و فێر خوازیانی زانستی شەرعی

١– پێویـسته نیـەتت پـاك کەیتـەوە لـە هـەر هەنگاوێکـدا، وەکـو پێغەمبـەرﷺ ئەفـەرموێت: (إِنَّمَا الأَعْمَالُ بالنِّيَّات وَلِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّـهِ وَإِلَى رَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَإِلَى رَسُولِهِ وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُـصِيبُهَا أَوِ امْـرَأَةٍ يَنْكِحُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ)[1] .

واتە: هەموو کارێك بە نیـازی دڵـەوە وەردەگیرێـت هـەر کەسـێك چ نیازێـك لـە دڵیـدا هـەبێت هـەر ئـەوەی بـۆ دەنوسـرێت، جـا هـەر کەسـێك کـۆچ بکـات بـۆ لای خـوا و پێغەمبەرەکەی ئەوا کۆچەکەی بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، وە هەر کەسـێك لـە بەر دونیا کۆچ بکـات بـۆ ئـەوەی دەسـتی بکـەوێت یـان ئافرەتێـك مـارە بکـات ئـەوا کۆچەکەی بۆ لای ئەوەیە کە کۆچی بۆ کردووە.

٢– دور بکەوە لە هەموو تاوانێك بە هەموو جۆر و شـێوەیەکی، بـە تایبـەتی ئـەنجام دانی تاوان بە گوێ و چاو، چونکە ئەو دووانە ترسـناکترین تـاونن،پاشـان وا هەسـت کە دڵ بریتییە لە حەوزێکی ئاو و لە سێ جێگاوە ئاو دێتە ناوی،ئەگـەر لـە لایـەکێوە ئاوی ڕۆشن و پـاکی بـۆ هـات ئـەوە حەوزەکـەش ئـاوی پـاك وەرئـەگرێت، هـەروەها دڵیش ئەگەر لە هەر شوێنێکەوە شتی باشی بۆ هات ئەوە پڕی شـتی چاکە ئـەبێت، ئەگەر شتی خراپی وەرگرت وەکو گۆرانی، ئەو کاتە پڕی ئەبێت لـە شـتی خـراپ،وە ئایەت و فەرموودەش لەو دەربارەیەوە زۆرە

٣– وریا بە لـە تەماشـاکردنی شـتی خـەراپ لـە تەلـەفزیۆن وەکـو فلـیم و زنجـیرەی خـەراپ(المسلـسلات)چـونکە قورئـان لـە دڵ دوور ئەخاتـەوە،وە لـە جێگەیـدا خۆشەویستی و ئارەزوو لە دڵ ئەڕوێنێت،چونکە وای لێ دێت پاش ماوەیـەکی تـر دڵ

---

[1] صحيح البخاري: ٩/١ الحديث رقم (١).

ڕەش ئەكات، وە ئامۆژگاری و ئایەتی قورئان و فەرموودە كاری لێ ناكات،هەروەها گومان و دڵە ڕاوكێی شەیتان زاڵ ئەبێت بە سەریەوە.

٤- وریا بە لە خوێندنەوەی ئەو گۆڤارانەی كە وێنەی خراپی تێدایە، چونكە ڕەوشت تێك ئەدات، تەنانەت بۆ خۆشی خۆتیش تەماشای مەكە.

بۆیە كاتەكانت بۆ ئەو شتە خراپانە نییە،بەڵكو بۆ دووبارەكردنەوەی كتێبەكەی خوای گەورە و خوێندنەوەی زانستی بە سوودە.

٥- ئاساییە كە بەرنامەیەكی ڕۆژانەت هەبێت بۆ وەرزش وەكو:بەرز كردنەوەی ئاسنی قورس ( رفع الأثقال )، یان مەلەوان كردن و یاری تۆپێن، بە مەرجێك لە سنووری شەرع لا نەدەیت.

٦- وریا بە لە چەند جۆرە یارییەك وەكو(شطرنج) و هەموو یاریەكی وەرەقە.

٧- ئاگادار بە یەك خولەك لە كاتەكەت بە فیڕۆ نەدەیت،لە چی شتێكدا .....؟ وە لە كوێ ئەیبەیتە سەر.....؟ وە لە گەڵ كێ.....؟ چونكە كاتی ئیماندار لە ئاڵتوون بە نرخترە.

٨- هەموو گەنجێك لە یەكەم تەمەنیدا توانایەكی زۆری هەیە بۆ لەبەركردن بۆیە ئەو توانایەت بە لەبەركردنی قورئانی پیرۆزەوە ببەرە سەر، ئەگەر تەواو بوویت لێی پاشان بچۆرە سەر زانستی شەرعی وەكو (متن الجزرية والبيقونية والفية ابن مالك في النحو) پاشان لە یادت نەچێت و بچۆرە سەر تەفسیری قورئانی پیرۆز و زانستەكەی و فقە و ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ، وە خوێندنەوەی ئەو كتێبانە:لای مامۆستا و زانایان ئەخوێندرێت.

٩- وریابە ئازاری دایك و باوكت نەدەیت چونكە ئەوان زۆر باشەیان لە گەڵت كردوون.



١٠- ئەوكاتەی كە بە تەنهای لە ژوورەكەی خۆتی وریا بە خۆت لە گەڵ شتێكی بێ سوود خەریك نەكەیت، چونكە پێویستە لە سەرت كاتەكانت ڕێكخەیت و هیچ كاتێك نەهێڵیتەوە تاوەكو شەیتان بەرەو شتی خراپە سەرقاڵت بكا.

١١- وریا بە لە دانیشتن لە گەڵ خەڵكانی خراپكار، چونكە ئەوان دڵ ڕەق ئەكەن و قسەكانیان بە دەوری ئارەزوو و شتی حەرامدا ئەسوڕێتەوە.

١٢- هەموو ئێوارانێك پێش خەوتن پرسیار لە خۆت بكە، چیت بۆ ئیسلام پێشكەش كردووە......؟چی بۆ پێشكەش ئەكەیت.......؟

١٣- یادی خوای گەورە زۆر بكە وەكو دووبارەكردنەوەی وشەی یەكتا پەرستی (لا إله إلا الله) وە زۆر سەڵاوات لە سەر پێغەمبەرﷺ، وە زۆر لە خوا پاڕانەوە.

## کۆتایی نووسەر

لە کۆتاییدا ئەی برای بەڕێز پاش خوێندنەوەی ئەم کتێب و باسە واتۆ ئەو بەرهەمە گرنگانە ئەبینی لە بەرامبەرت ئەویش:

١- هاتنی ئەم باسە بە گشتی وەڵامی پرسیاری زۆر لە خەڵکی بوو کە داوایان ئەکرد،ئەویش ئەوەیە:چۆن قورئانی پیرۆز لە بەر ئەکەیت ؟

٢- ئەم باسە لە بارەی دووبارە کردنەوەدا بە هیچ شێوەیەك بێ ئاگا نەبوو،بۆیە لە چەندەها جێگا باسم کردووە.

٣- هەروەها ئەم باسە زۆر گرنگی بەوە داوە کە پێویستە قورئان لە خاوەن پسپۆڕ و شارەزا وەرگریت،پێویستە مۆڵەتی (إجازة) قورئان وەرگرتن بە دەست بهێنێت و بە دوای ئەو کەسانە بگەڕێیت کە بە سەنەدەوە ئەگەنە پێغەمبەرﷺ لە قورئان خوێندن دا.

٤- هەروەها ئەم باسە بە چەند وەسێت و ئامۆژگاریەك کۆتایی پێ هات کە بۆ قورئان لەبەرەکان و قوتابییانی زانست زۆر گرنگە.

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی ئەو مامۆستا بەڕێزانە و ئەو شێخ و زانایانە ئەکەم کە ئەم باسەیان خوێندەوە،هەروەها ئەوبرایانەی کە تێبینیان هەبوو لە سەری.

داوا لە خوای گەورە ئەکەم تەنها لە بەر خاتری ئەو بێت و دوور بێت لە ڕیا إنه سميعٌ قريبٌ مجيب.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

يحيى بن عبدالرزاق الغوثاني

جدة - الأحد/٢٩/شوال/١٤١٤هـ

١٠/٤/١٩٩٤م



## کۆتایی وەرگێڕ

لە کۆتاییدا داوا لە خوای گەورە ئەکەم ئەم کارەم لێ قبووڵ کات و بیخاتە تەرازوی کردەوە چاکەکانم لە ڕۆژی کۆتاییدا و دوور بێت لە ڕیا و سومعە،هەروەها خەڵکانیش لێی سوودمەند بن و ببێتە مایەی ئەوەی کە ئەم قورئانە پیرۆزە لە ناو سینگیاندا جێگیر بێت، وە پاش کۆتایی هاتن بەم نامیلکەیە زۆر سوپاس و ستایشی خوای گەورە ئەکەم کە بۆی ئاسان کردم لە وەرگێڕانی.

وە سوپاسی ئەو مامۆستا و برا بەڕێزانە ئەکەم کە یارمەتیدەرم بوون لە ڕاست کردنەوەی هەڵەکان و چاپ کردنیدا، هەروەها داواکارم لە هەموو براو خوشکێکی موسڵمان هەر هەڵەیەکیان بینی لەم وەرگێڕانەدا چاو پۆشی لێ بکەن و ئاگادارم بکەنەوە لێی، وە هەر سەرنج و تێبینیەکیان هەیە کە بچێتە قالبی خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز و هاوکاری کردنی موسڵمانان بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بەم ناونیشانەی خوارەوە ئاگادارم بکەنەوە.

خوای گەورە پاداشتی هەموو لایەك بداتەوە و یارمەتی دەربێت بۆ لەبەرکردنی قورئان و کار پێ کردنی و بەرجەستە کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە کە لە قورئانەکەیدا هاتووە لە ژیانی ڕۆژانەماندا وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين

ژ. مۆبایل: (٠٧٧٠١٢٨٤٥٣١)

ئیمێڵ : yahya.setar@yahoo.com

يحيى ستار محمد شێخانی

کەرکوك ٢٤/ ڕەبیعی یەکەم /١٤٣٢ك

یەك شەممە ٢٧/٢/٢٠١١ ز

# ناوەڕۆك


**بابەت** **لاپەڕە**

پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٣

پێشەکی نووسەر ............................................ ٦

باسی یەکەم: پاراستنی قورئانی پیرۆز لە لایەن خوای گەورەوە

لە هەموو ڕویەکەوە ..................... ١١

باسی دووەم: پاداشتی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز ............ ١١

باسی سێیەم: پێویستی دووبارەکردنەوەی قورئانی پیرۆز ............ ١٣

باسی چوارەم: مەرجەکانی بەدەست هێنانی زانست .................. ١٦

بەشی دووەم: چەند بناغەو بنچینەیەك بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز .. ٢٠

بنچینەی یەکەم: نییەت یان نیاز .................... ٢٢

بنچینەی دووەم: لەبەرکردن لە منداڵییەوە وەکو نەخش وایە

لەسەر بەرد ............................................ ٢٤

بنچینەی سێیەم: دیاری کردنی کاتی لەبەرکردن .................... ٢٦

بنچینەی چوارەم: دیاری کردنی شوێنی لەبەرکردن .................. ٢٨

بنچینەی پێنجەم: خوێندنەوەی قورئان بە تەجویدو دەنگەوە ....... ٣٠

بنچینەی شەشەم: لەبەرکردن لەسەر یەك چاپی قورئان ............. ٣٢

بنچینەی حەوتەم: ڕاستکردنەوەی خوێندن پێش لەبەرکردن ........ ٣٢

بنچینەی هەشتەم: بەیەك گەیاندن ئەبێتە هۆی بەستنەوە

بۆ لەبەرکردن ........................................ ٣٤

بنچینەی نۆیەم: دووبارەکردنەوە لەبەرکردنی تازە ئەپارێزێت

لە وازهێنان و ڕاکردن ...................................... ٣٥





بنچینەی دەیەم: لەبەرکردنی ڕۆژانە بەڕێك و پێکی باشترە

لە لەبەرکردنی پچراوی ........................ ٣٧

بنچینەی یازدەیەم: لەبەرکردنی لەسەرخۆ باشترە

لە لەبەرکردنی خێرایی ...................... ٣٨

بنچینەی دوانزدەیەم: ورد بوونەوە لەو ئایەتانەی کە لەیەك ئەچن ... ٤٠

بنچینەی سیانزدەیەم: خۆ بەستنەوە بە مامۆستاوە بە بەردەوامی .. ٤٢

بنچینەی چواردەیەم: تەماشاکردن و وردبوونەوە لە ئایەتەکان

لە کاتی لەبەرکردندا ........................ ٤٥

بنچینەی پانزدەیەم: کارکردن بە لەبەرکردنو خوێندنەوە پێکەوە ... ٤٦

بنچینەی شانزدەیەم: دووبارەکردنەوە بە ڕێكو پێکی

لەبەرکردن بەهێز دەکات ...................... ٤٩

بنچینەی حەڤدەیەم: تێگەیشتن لە قورئان ڕێگەیەکە بۆ

لەبەرکردن بە تەواوی ...................... ٥٠

بنچینەی هەژدەیەم: هاندانێکی بەهێزو ویستو ئارەزوو بوون

بۆ لەبەرکردنی قورئان.................... ٥١

بنچینەی نۆزدەیەم: داواکردن و پاڕانەوە لە خوای گەورە .......... ٥٢

بەشی سێیەم: ئەو ڕێگا گونجاوانەی کە بەکردار ئەنجام دەدرێنو

ئەو هۆیانەی کە یارمەتیدەرن بۆ لەبەرکردن ........ ٥٤

شێوازی یەکەم: شێوازی ( ١٠پیتی —ت— ) ................ ٥٤

شێوازی دووەم: لەبەر کردن لە نێوان دووکەسدا ................ ٥٨

شێوازی سێیەم: سوودمەند بوون لە کاتی بە فیڕۆداندا

لە ناو ئۆتۆمبێل ...................... ٥٩

شێوازی چوارەم: لەبەرکردنی پیشەوەران ( المِهنيِّين ) .............. ٦٠

www.fermude.com



شێوازی پێنجەم: گوێ گرتن لە ئامێری تۆمارکردن
( آلة التسجيل ) ................................ ٦١
شێوازی شەشەم: یادکردنەوە لە ڕێگەی نووسینەوە .............. ٦٢
شێوازی حەوتەم: لەبەرکردنی قورئان لە ڕێگای پێشبڕکێ‌و
دیاری و خەڵاتەوە ............................ ٦٣
شێوازی هەشتەم: لەبەرکردنی لاپەڕەیەکی قورئان ڕیز بە ڕیز .... ٦٥
شێوازی نۆیەم: شێوازی قورئان لەبەرکردن لای (نابینا)یانەوە ... ٦٦
شێوازی دەیەم: لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بە شێوەی
بازنە لە مزگەوتدا ............................ ٦٧
شێوازی یانزەیەم: سووڕ خواردنەوە ......................... ٦٩
تەواوکار ( تَتِمَّةٌ ) ........................................ ٧٠
بەشی چوارەم: دووبارەکردنەوە لە نێوان یەکتردا ............ ٧٥
یەکەم: دووبارەکردنەوەی یەك کەسی ( المراجعة الفردية ) ..... ٧٦
دووەم: دووبارەکردنەوەی دوو کەسی ( المراجعة الثنائية ) ..... ٨٠
هەندێك شێوازی سەیر لە دووبارەکردنەوە .................. ٨٣
گوێگرتنی مامۆستا زیاتر لە یەك قوتابی لە یەك کاتدا ........ ٨٤
بەشی پێنجەم: وەسیێت و ئامۆژگاری ...................... ٨٥
باسی یەکەم: وەسیێت و ئامۆژگاری تایبەت بەوانەی کە
هەموو قورئانی پیرۆزیان لە بەرکردووە ........ ٨٦
باسی دووەم: وەسیێت و ئامۆژگاری گشتی بۆ قورئان
خوێنەکان و فێر خوازیانی زانستی شەرعی .... ٨٨
کۆتایی نووسەر ............................................ ٩١
کۆتایی وەرگێڕ ............................................ ٩٢